# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (61) 1/10/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


**دۆسیەی ژمارە: ساڵی تازەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە**

گفتۆگۆ لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، فاتمە موراد، کاروان ئەسعەد لە لاپەرە 12-13-14-15 دەخوێننەوە...

### لەدەسپێکی تازەی ساڵی خوێندندا:


# ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا، بە بێ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەدەسەڵاتی سیاسیدا ناکرێت!



## ساڵی تازەی خوێندن بە پەروەردەیەکی داڕوخاوەوە دەستی پێکرد!

٢١ ئەم مانگە دەرگای قوتابخانەکان کرایەوە، لەکاتێکدا ئامارە فەرمیەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی پەروەردەوە، هەلومەرجی ترسناکی پەروەردەو فێرکردن دەخەنە ڕوو... ٨١% قوتابخانەکان بەکەڵکی خوێندن نایەن! لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ١٧٨ قوتابخانەیان دوو دەوامن! ١٢٤ قوتابخانەیان سێ دەوامن! ٥ قوتابخانەیان چوار دەوامن! لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ٢٢% بینایان نییە!٦٠% قوتابخانەکان گونجاو نین! تەنها ١٨% باشن... هەروەها ١٣٩٥ قوتابخانە میوانن لە بینای تردا. ٦٠٠ لادێ بێ قوتابخانەیە! ٣٠ قوتابخانە لەگڵ دروستکراون! لە ٣٥٠ قوتابخانەدا، تەوالێت بۆ مامۆستایان نییە! ٥٠٣٥ قوتابخانە بێ توێژەری کۆمەڵایەتین! ٩١% قوتابخانەکان تاقیگەیان نییە! ساڵانە ٣٠ بۆ ٤٥ هەزار قوتابی واز لەخوێندن دەهێنن! هاوکات لە هاویناندا فێنکەرەوەی پێویست و لە زستاندا گەرمکەرەوەی پێویست بۆ زوربەی قوتابخانەکان نییە، ئەوە جیا لەوەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و مەنهەجی خوێندن نا سەردەمی و دواکەوتوانەیە و

بۆ لاپەڕە ٢



## فوئاد قەرەداغی: سیستمی سەرمایەداری کار لەسەر بەکاڵاکردنی هەموو شتێك دەکات، لەنێویاندا ئەو بوارانەی پەیوەندیی بەژیانی خەڵکییەوە هەبێت، وەك کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە، !...ل 12-13



## فاتمە موراد: تێکەڵبونی کچان و کوڕان لە پرۆسەی پەروەردەدا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. دەبێتە هۆی ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری و کەمبوونەوەی جیاوازی ڕەگەزی.....ل14



## کاروان ئەسعەد: لە کوردستاندا دەستەکانی فەرمانڕەوا بەپێی بنەماکانی خێڵ و خێزان فەرمانڕەوایی (حوکمداری) دەکەن. ...ل15

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* دوو کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە بوونە قوربانی.......ل2
* دوای دووساڵ بەسەر ریفراندۆمدا..........................................ل3
* ڕیفراندۆم لەنێوان ماف و بانگەشەی سیاسیدا...........................ل5
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان...............ل8
* دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە.......ل11

کۆنفرانسی حزبی لەیبەر و سەرکەوتنی باڵی چەپ...ل10

شێرپەنجە لە دەرگا دەدا....ل3

داخستنی تەواریەکە، پوچی بانگەشەی چاکسازی...ل4

بریگزت و قەیرانی بۆرژوازی دەسەڵاتدار...ل4

جەندەرو زمان، کولتووری زارەکی...ل9


پرسی ژن



ل 6

گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل7

## وتەی ژمارە

کێشەی کتێب و هەڵەی چاپ... تا ئێستادا چارەسەر نەکراوە.

دۆخێکی لەو بابەتە، کە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا هەیە، جارێکی تر بکوژی هیواو ئومێدی دەیان هەزار خێزان و کۆسپێکی گەورەی بەردەوامی بەدیهێنانی خەون و خولیاکانی خوێندکارانە.

بێگومان هەموو سیستەمێکی پەروەردە، ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی سیستەمی سیاسی و جۆری حکومڕانییە. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، کە دەسەڵاتێکی دواکەتوی حزبی و حکومرانی حزبۆکراتییە، لەگەڵ خۆیدا چۆن هەموو کایەکانی ژیانی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتی وکەلتوری بەرەو داڕمان و وێرانکردن پەلکێش کردووە، بەهەمان شێوە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنیشی بەسەر یەکتریدا داڕوخاندووە.

دوای ٢٨ ساڵ لە دەسەڵاتداریێتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ژینگەی خوێندن و پەروەردە وێرانەیە، لە کاتێکدا بۆ بەرەی دژە زانست و پەروەردەیی، هەلومەرجێکی تەسەل و ژینگەیەکی ئارام سازکراوە. ژمارەی مزگەوتەکان و بۆنە دینییەکان، تا دەگاتە ریزی مەلای مشەخۆر، لە ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان، زۆرترن... گومەزی بینای مزگەوتەکان و لەهەر شارو شارۆچکەو تەنانەت دێهاتەکاندا، کە لەقوتی خەڵکی کوردستان زۆرترین پارەیان بۆ سەرفکراوە جێگای سەرنجدانن. لەبەرامبەردا قوتابخانەکان، باخچەی ساوایان، پەیمانگاکان، لە ئاستی پێویستدا نین و کەم و کوڕییەکان کە لەزمانی بەرپرسانی پەروەردەوە شەرماوەرن. ئەمەش ناوەڕۆکی دەسەڵاتی سیاسی دەخاتە ڕوو، کەچەندە کار لەسەر نەخوێندەوارکردنی خەڵک و دواکەوتوو مانەوەی دەکەن و هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە نەخوێندەوار و بێئیرادە بێت.

ساڵی تازەی خوێندن، لە هەلومەرجیکدا کە گرانی و بێکاری، کەم بوونەوەی خزمەتگوزارییەکان و هەرزان فرۆشکردنیان و فرۆشتنیان بە کەرتی تایبەت، پشتگوی خستنی خوێندن پەروەردەی حکومی و پەرەدان بە قوتابخانە ئەهلیەکان و تا دەگاتە کاریگەری بێ موچەیی و سیاسەتی برسیکردنی مامۆستایان" لە ژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا"، لە پاڵ دواکەوتوویی مەنهەجی خوێندن و کەم کورییە فراوانەکانی تر لە کەمی بینای قوتابخانەکانەوە، بۆ نەبوونی پێداویستی تری خوێندن و پەرەوەردەو چەند دەوامی و قەرەباڵغی پۆلەکان و بینای نەشیاو، دەستێوەردانی حزبی لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو دامەزراندن بە تەزکەی حزبی و سەرئەنجام ساڵ بەساڵ زۆربوونی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن، هەموو ئەمانە

گورزی گەورەن لە سیستەمی پەروەردەو خوێندن و سەرچاوەیەکیشە بۆ پاشەوپاش گەرانەوەی کۆمەڵگە.

سامان و داهاتی هەرێمی کوردستان، زۆر لەوە زیاترە کە بە ئاسانی دەتوانێت، بینای قوتابخانەی پێویست و مۆدێرن، پێداویستی قوتابخانەکان و خوێندکاران، ژمارەی خوازراوی مامۆستایان و کارمەندان و ژینگەی تەندروست و بەخۆڕایی کردنی خوێندن لەهەموو ئاستەکاندا، موچەی شیاو بۆ مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، بەزیادەوە فەراهەم بکات، بەڵام دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی حزبی، لەجێگای دابینکردنیان، هەوڵی بە ئەهلی کردنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەدات و شانی خۆی لە دابینکردنی بیناو پێداویستیەکانی خوێندکاران و مامۆستایان خاڵی دەکاتەوە و باکی بە ئایندەی نەوەکانی نییە و ئەم کەرتەشی وەکو زوربەی بوارەکانی تر پشتگوێ خستووە. هەر ئەو واقعیە تاڵەشە، بۆتە هۆی ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێک بۆ چاکسازی واقعی و پەرەدان بە بوژاندنەوە و گەشەپێدانی سلکی پەروەردەو خوێندن و فێرکردن لە کوردستاندا. ئەوە بەجیا لەوەی کە تێکەڵاوکردنی دین و قەومگەرایی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا ئەو بوارەی بە ئاراستەی دەمارگیری نەتەوەیی و لیخنکردنی بە خورافاتی ئیسلامیدا پەلکیش کردوە.

هێشتا دەنگی نووساو بۆ جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکان، باسی قەدەغەکردنی وتنەوەی وانە بۆ مامۆستایانی پیاو لە قوتابخانەی کچاندا... دەبیسترێن. هێشتا زۆرێک لە قوتابخانەکان وەکو مزگەوت مامەڵە لەگەڵ قوتابخانەکان دەکەن و خولی نوێژکردن لە هاویناندا بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەکەنەوە. هەموو ئەو راستییە تاڵانە، ئەو راستییە واقعیە دەخاتە ڕوو کە هەر هەوڵێکی جدی بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا، بە بێ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەدەسەڵاتی سیاسیدا، وەهمە.

بەرەی ئازادیخوازی کوردستان، مامۆستایان و کەس و کاری خوێندکارانی مۆدێرن، خەمخۆرانی بواری پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمی، ئەرکیانە بەوپەڕی لێبڕاویەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە نەخوازاوەی سیستەمی پەروەردەو خوێندن، تێبکۆشن و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بە هەنگاو هەڵگرتنی پێویست لە بوارەدا بکەن.

# دوو کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستدا

بەپێی سەرچاوەی هەواڵی میدیای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، کرێکارێکی خەڵکی شاری کەلاتەرزانی سەر بە پارێزگای سنە، بەناوی" ئەیوبی ئەمینی" کەبۆ کارکردن ڕووکردبووە کوردستانی عێراق، بەرواری ٢٧ ی سێپتەمبەر لەکاتی کارکردندا، لە بینایەکدا، بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەست دەدات...

بەپێی هەمان سەرچاوە، بەرواری ٢٣ سێپتەمبەر کرێکارێکی تر کە خەڵکی ئاوایی باڵاوی ئورمیە بە



ناوی "رامین بێهزادی" تەمەن ٣٥ ساڵ لە کاتی کارکردندا لە شاری هەولێر بە هۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەست دا.

بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٣ کرێکاری خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی کارکردندا لە هەرێمی کوردستان بە هۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم ڕەچاوی ڕێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# دوای دووساڵ بەسەر ریفراندۆمدا

## عەبدوڵا مەحمود

٢٥ سێبتەمبەر دووساڵ بەسەر ریفراندۆمی خەڵکی کوردستاندا تێپەڕی. لەو ریفراندۆمەدا سەرباری بەرگری و وەستانەوەی ژمارەیەکی زۆر بەرووی ریفراندۆمدا بە پاساوی سیاسی و بەرژەوەندخوازی حزبی و نەیار بوونیان بەپارتی لەو کاتەدا، جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان بەشداریان لەو ریفراندۆمەدا کردو بە دەنگی بەڵێ بۆ جیابوونەوە، وەڵامیان دایەوە و ئیرادەی واقعی خۆیان داسەپاندە سەر ئیرادەی کڕدراو، ئیرادەی حزبی و کورتبینی سیاسی و غەوغای نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی و ئیکتیشافکردنی!! ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە ڕازی نین. وە بەبەشداریان پاساوی نەبوونی ژێرخانی ئابوری بەهێزو نایەککریزی "ناو ماڵی کورد" و نەبوونی سوپای یەکگرتوو... تاد. وەڵام دایەوە.

خەڵکی کوردستان بەبەشداری گەرم و گوڕیان لە پرۆسەی ریفراندۆمدا، ویستی لە مێژینەی خۆیان بۆ سەربەخۆیی ڕاگەیاند. بەپێچەوانەی ویستی حزبی، کە کێشەی خەڵکی کوردستانیان بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندی بەدەستەوە گرتووە، و لە گۆشەنیگای بەرژەوەندخوازی بۆرژوازی کوردەوە، نەخشەو سیاسەتی خۆیان بۆ پرسی لە مێژینەو ناوچەیی کێشەی کورد، خستۆتە ڕوو.

لەو چوارچێوەیەدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، پرسی ریفراندم و بەدەستەوە گرتنی، بەجیا لە کێ بەرکێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزی لەگەڵ نەیارە سیاسیەکانی لەناوخۆدا، هاوکات خۆبەستنەوەی بوو بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە لە هەلومەرجێکی تایبەتی و لەدڵی ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستەی دوای شکستی داعشدا. پارتی لەڕیگای خۆ بەخاوەنکردنی پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و وەرێخستنی ریفراندۆمدا، دەیویست، ڕەوتی پێشگیری بە دووبارە بەخۆداچوونەوە نەخشەی دوای شکستی داعشی حکومەتی عێراقی بە شکست بکێشێت و کارتی ئاکامی ریفراندۆم بۆ سات و سەودا و سازان لەگەڵ بەغدا بەدەستەوە بگرێت، بەڵام ئەو تەماحەی پارتی و ئەو ئەجندایەی بەدوایەوە بوو، هیچ لەو ئیرادە و ویستە ڕەوایەی خەڵکی کوردستان کەم ناکاتەوە کە لەبەشداری لە ریفراندۆمدا بەدوایەوە بوون.

ئەو لایەن و هێزە سیاسیانەش کە بەدڵەراوکێ وە، لەگەڵ ریفراندۆم بوون و نەبوون، پشگیریان دەکرد و دژیشی بوون، ختوکەشیان دەهات و بەرگەی ختوکەکەشیان نەدەگرت، بەجیا لەوەی ڕەنگدانەوەی دۆخی پرکێشەی تەلاری ریکخراوەیی خۆیان بوو، هاوکات چوونە ناو کێبەرکیەک بوو لەگەڵ پارتیدا و لەوەش واوەتر چاوبرینە پاداشت بوون لەلایەن بەغداوە.

ریفراندۆم روویدا، وەکو پێشبینیش دەکراو دەوڵەتی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە، لەدژی وەستانەوە. لەناوخۆی هەرێمدا بە پشتیوانی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتیش ئێران، بەشێک لە یەکیتی نیشتیمانی قوڵیان خستە ناو قوڵی سوپای عێراق بۆ گێرانەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەری داعش و چۆڵکردنی لەلایەن سوپای عێراقەوە کەوتبووە دەست هیزەکانی پیشمەرگەی کوردستان، و بە هاوکاری ئاشکرای بەشێک لە هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی، نەک تەنها ئەو شوێنانەی پێشتر لەدەست سوپای عێراقدا بوون، بەڵکو شاری کەرکوک" قودسی کوردستان" و لەوەش زیاتر قەڵەمرەیەکی فراوانتری ژیر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی گەڕایەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەغدا. لە کوردستانیشدا دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی کلک و گوێ کرا، تا ڕادەی ئەوەی وەکو ژمێریار و گوێ لەمستی بەغدا، حکومەت و دەسەڵاتیان بچەرخێنن. ئەم روداوانەش بەتەواوی باڵانسی هێزی بە سودی دەسەڵاتی ناوەندی گۆڕی. حزبە نەیارەکانی پارتی بەتایبەتیش ئەو باڵەی دەستپێشکەری لەقوڵ خستنە ناو قوڵی سوپای عێراق و گوێرایەکی بۆ قاسمی سلێمانی نیشاندا، لەگەڵ ریکخراوەی نەوەی نوێ، پیرۆ ئەمریکی و غەربی و ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووس و کەسایەتی سیاسی نەفەس کورت، هۆکاری ئەو دۆخەیان بەستەوە بە ریفراندۆمەوە، نەک بە ماهیەتی سەرکوتگەرانەو حکومەتی عێراق و خۆشخزمەتی و نۆکەری پیشەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و سیاسەتی شۆڤینستی وڵاتانی ناوچەکەوە.

بەشێک لەو خێڵە لە نووسەر و رۆژنامەنووس و کەسایەتی سیاسی، نەک رەخنە لە جۆری ریفراندۆمەکە و ئامانجی پارتی لە بەدەستەوە گرتنی ریفراندۆم، بەڵکو بەتەواوەتی ریفراندۆمیان رەتکردەوەو بەشداری کردنیش تیایدا، بەخیانەت لە نیشتیمان!! و کوردستانی عەزیز! لەقەڵەم دەدا.

رەخنەی بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دژی ریفراندۆم بوون، لە رەخنە و دژایەتیان بوو لە پارتی. وە ئەوانە کە پرسی ریفراندۆمیان بە پارتییەوە گرێداو بەستەوە، خزمەتێکی گەورەیان بە پارتی کرد، کە بەخاوەنی ریفراندۆم ناساندیان، لەسەر حسابی وەستانەوەیان بە دژی ریفراندۆم و ویستی خەڵکی کوردستاندا.

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر ریفراندمدا تیپەرێوە کە خەڵکی کوردستان بە بەڵێ نیشانیاندا کە خوازیاری سەربەخۆین و سەربەخۆیش زۆر گەورەتر لە حزبەکان تەماشادەکەن، هێشتا کەم نین ئەوانەی دۆخی دوای ریفراندۆم بە ئاکامی ریفراندۆم و هەرچی کیشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و گرفتەکانی تر هەیە دەگێڕنەوە بۆ ریفراندۆم و ئەو خەتا!! گەورەیەی خەڵکی کوردستان بەبەشداری و بە بەڵێ لە ریفراندۆمدا داویانە. هێشتا ئەو بەرێزانە ئەرک ناکێشن و هێندە خۆیان ماندوو ناکەن، بچنە ئەو لای دارەکە کە بەری بینینی دارستانەکە گرتووە. هێشتا رەوایەتی بەبەشداری خەڵکی کوردستان لەو ریفراندۆمەدا نادەن و ئاکامی ریفراندۆمیش بۆیان نەک بەهای نییە، بەڵکو وەکو بەڵا لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا لێی دەڕوانن.

چ سازدانی ریفراندۆم و چ بەشداری خەڵکی کوردستان و ئاکامی ریفراندۆم، یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی خەڵکی کوردستانە لە مێژووی چەند دەهەی رابردوودا، بەدەستەوەگرتنی ئاکامی ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەو پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، هێشتا یەکێک لەو ئەرکە چارەنووسازانەیە کە پێویستە هەموو ئینسانێکی خەم خۆری چارەسەری پرسی کورد و دڵسۆز بە خەڵکی کوردستان بەشانازییەوە بەدەستیەوە بگرن و ڕیگە نەدەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش پارتی بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە، بۆ ئامانجی تر بەدەستیەوە بگرن.

ئێستا بەکردە دەرکەوت، کە پارتی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی نییە، و هەموو تەقەلاکانی دوای ریفراندۆمی نەک بۆ سەربەخۆیی، بەڵکو بۆ گێرانەوەی کوردستان بۆ ژێر چەتری حکومەتی ناوەندی بەپێی دەستور و فیدرالیزمی پوچی قەومییە. نەیارەکانی پارتیش دژایەتیان بۆ ریفراندۆم، بەجیا لە ململانێیان لەگەڵ پارتی، هەمان خەونی پارتییە بۆ خزمەت بەعێراقی عروبی و ئیسلامی و بەش وەگرتنی حزبییە لە حکومەتی ناوەندی. بۆ خەڵکی کوردستانش دەستکەوت و ئەزمونێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان.

# شێرپەنجە لە دەرگا دەدا!

## ڕزگار عومەر



لە چەند داتایەکی فەرمی و ئەکادیمی لە پارێزگای زیقاردا دەرکەوتووە کە هەموو ساڵێک (٩٠٠) بۆ (٩٥٠) کەس لەم پارێزگایە توشی شێرپەنجە دەبن، ساڵانەش تەنیا لەم پارێزگایە (٥٠٠) کەس بەهۆی ئەم نەخۆشیە دەمرن. بەر لەم داتایەش چەند دکتۆرو پسپۆڕانی تەندروستی زەنگی ئەوەیان لێدا کە ئێستا نەخۆشی شێرپەنجە یەکێکە لەو سێ نەخۆشیە ترسناکەیە کە بەهۆیەوە خەڵک لە خواروی عێراق دەمرن. نۆ مانگ بەر لە ئێستاش هەمان ئەو پسپۆڕانە هەمان زەنگیان لێدا کەوا شێرپەنجەی مەمکی ژنان زیادبوونێکی ترسناکی بە خۆیەوە بینیوە.

لەم توێژینەوەو داتایانەدا، زۆربەی هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی توشبوانی ئەم نەخۆشیە بریتیە لە:-

یەکەم/ کاریگەری پیسبوون بەهۆی جەنگەکان وەکو پیسبوونی ژینگەیی بەهۆی بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە پاشماوەی تیشکیی بە دوای خۆیدا بە جێدەهێڵێت.

دووەم/ پیسبوونی ئاوی خواردنەوەو نەگونجاو یان بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ و گیان لەبەران.

سێ یەم/ هەروەها بەدخۆراکی و ئاستی بژێوی ئەو توێژانەی توشی ئەم نەخۆشیانە دەبن. چونکە زیاتر ئەو توێژە هەژارانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی مادیەوە ناتوانن ماڵ وحاڵی جێبهێڵن و کۆچ بکەن، ناتوانن سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو خۆراکی گونجاوی باش بۆ خۆیان دابین بکەن و هەر لە نێو ئەو ژینگە پیسبووەدا ژیان بەسەر دەبەن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر کە هێشتا ئەم داتاو زانیاریە تازانە لەبەردەست نەبوون، چەند توێژەرێک لە زانکۆی زیقار لە بەدواچوونیکی مەیدانیدا بە تایبەتی لە تۆماری نەخۆشخانەکاندا ڕایانگەیاند کە ژمارەی توشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە زیادبوونێکی مەترسیدار دایە، بەڵام دام و دەزگا حکومیەکان هیچ کردارێکی وایان نیشان نەدا کە خەمخۆری پێوەدیاربێت، چونکە تا ئێستاش تا نووسینی ئەم دێرانەش؛ کە ئەم داتایانە خراوەتە ڕوو دەرکەوتووە کە تەنیا لە پارێزگای زیقار لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ دا (٧٥٠٠) کەس لە هەردوو ڕەگەزو لە تەمەنی جیاواز بە هۆی شێرپەنجەوە مردوون، هێشتا ئەو چارەسەریانەی هەیە بۆ ئەم نەخۆشیە تەنیا بەشی ٢٥٪ ژمارەی گشتی توشبوان دەکا !

گروپێک لە ڕۆژنامەنوسانی ئەم پارێزگایە، کەمپینێکی جەماوەری گەورەیان دژ بەم دۆخە بەڕێخست و جەماوەرێکی زۆر بوونە سەپۆرت و پەناو پشتی ئەم کەمپینە بۆ ئەوەی دام ودەزگا حکومیەکان بخەنە ژێر فشارو بەرپرسیاریەتی، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەم داتاو توێژینەوانە، لە ئەنجامی ئەو کەمپینە بەهێزەدا دام و دەزگا حکومیەکان هاتنە سەرخەت و ناچارکران کە لە ئێستادا بڕی (١) ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ بەرەنگاری ئەم دۆخە مەترسیدارە، کە زۆربەی پارێزگاکانیتری باشوری عێراق دۆخی هاوشێوەیان هەیە، ڕەنگە هەمان کەمپین شارەکانیتریش بگرێتەوە.

پەندێکی یۆنانی هەیە دەڵیت ((ڕەنگە تا ئەبەد لە دەرگای ماڵی کابرایەکی کەڕ بدەیت و دەرگا نەکاتەوە ! )) بەڵام ئەزموونی ئەم کەمپینەی زیقار کە پەیوەندی بە تەندروستی وبەرژەوەندی گشتی هەیە توانی لە دۆخێکی زۆر نەگونجاودا ئەم پیاوە کەڕە (کە دام ودەزگا حکومیەکان ڕۆڵی ئەو دەبینین) نەک تەنیا بەخەبەر بهێنێ، بەڵکو گوێچکەکانی رابکێشێ بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی.

ڕەگەزەکانی سەرکەوتنی هەر کەمپینێکی جەماوەری لە نێو ڕای گشتیدا بەر لە هەموو شتێک پەیوەندی بەخستەڕوو هەیە، پێویستی بە زانیاری وداتا هەیە تەرجومە بکرێت بۆ "هێزو میکانیزمی ڕاکێشانی سەرنج و هۆشیارکردنەوە" پەیوەندی بە "پێویستی" و کاریگەری لەسەر ژیانی واقیعی خەڵک هەیە، لە هەمووش گرنگتر پێویستی بە جۆرێک لەو مرۆڤانە هەیە کە خۆبەخشانە دەچنە شەڕی بەرژەوەندی گشتی.

# بریگزت و درێژەی قەیرانی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە بەریتانیا

**نوری بەشیر**

قەیرانی سیاسی و ئابوری حکومەتی بەریتانیا لەچوارچێوەی قەرێرانێکی فراوانی جیهانیدایە و کێشەکانی ئێستای بۆرژوازی بەریتانیا بەتایبەت لەسەر مەسەلەی بریگزت زیاتر فراوان بۆتەوەو حزبەکانی دەسەڵاتی قوتبەندی کردۆتەوە، بەتایبەت بەدوای ئەوەدا کە بۆریس جۆنسنی سەرۆک وەزیران بڕیاری داخستنی پەرلەمانی بۆ ماوەی پێنچ هەفتە ڕاگەیاند بەپاڵپشتی شاژنی بەریتانیا، ئەمە کۆمەڵگەی لەسەر گاڵتەجاڕی دیموکراسی و پەرلەمانی هێنایە ژێر ڕەخنەی جۆراوجۆرو هەر بۆیە دادگای باڵای بەریتانیا بەناچار ئەم کارەی بۆریس جۆنسنی بەنایاسایی ناساند. سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیا ڕۆژی ٢٤/٩ ڕایگەیاند پەرلەمان دەوامی خۆی دەست پێدەکاتەوەو ئەمەش سەرۆک وەزیرانی ناچارکرد کە کۆبوونەوەی نەتەوە یەگرتووەکان بەجێبهێڵێت و بە توڕەیی و قسەی ڕەقەوە بەشداری دووهەم ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمان بکات کە بووە شوێنی نیگەرانی و ڕەخنەی زیاتری ئەندامانی پەرلەمان و حزبەکان و کۆمەڵگەش. وە ئەمەش وایکرد هێندەی تر ئەم سێهەم سەرەک وەزیرانە و حزبەکەیشی بکەونە بەر نەفرەت و ناڕەزایەتی و هەتا لەناوخۆشیاندا زیاتر لەیەک بترازێن و تا دەگاتە ئەوەی جۆن بیرکۆ، سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیا ڕایبگەیەنێت کە دەست لەکار دەکێشێتەوە .

بەڵام جێگەی خۆیەتی ئیشارەتێکیش بەوە بکەین کە ئەم هەنگاوەی دادگای باڵا بەنایاسایی ناساندنی هەڵپەساردنی پەرلەمان لەژێر ناوی پێشێلکردنی یاسا و دیموکراسی وڵاتدا، شتێکە کە ڕوویەکی تری ئەو قەیرانە دەردەخات کە کە بۆرژوزای بەریتانیا تێیدا ژیان بەسەر دەبات و حکومەتی نەهێشتووە لەم وڵاتەدا، بۆیە بەناچار دەبێ قوربانی بە بۆریس جۆنس و هەتا حزبەکەشی بدەن بۆ ڕزگارکردنی حکومەت و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی لەو هەلومەرجەی کەتێیدایە، کە حزبی پارێزگاران نەیتوانی ڕزگاری بکات، هەر بۆیە خەریکن فایلی کۆنی بۆریس جۆنس کە کاتێک مەیەری لەندەن بووە هەڵدەدەنەوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک کە حکومەت و دەسەڵاتی بۆرژوازی پێ نەجات بدەن، ئەم ڕێگایەش ئێستاش لەبەردەم حکومەتی ئەمریکادایە لەبەرامبەر شەڕ ئەنگێزی و پەلامارەکانی ترەمپدا، کە بۆریس لەبەریتانیا لاسایکەرەوەیەکی گاڵتەجاڕی ترەمپە!.

ئەم قەیرانەی بۆرژوازی بەریتانیای تێکەوتووە، تەنیا لە ناو پەرلەمان و قوتبیبوونی حزبەکاندا نەماوەتەوەو شۆڕبۆتەوە بۆ خوارەوە و کۆمەڵگەی قوتبی کردۆتەوەو دەوارانێکی پر جەنجاڵی و ئاڵۆزی هەموو میدیاکانی ناوخۆو جیهانی داگرتووە. لەلایەک ناڕەزایەتیەکان کۆمەڵگەی داگرتووە، حزبەکانی تری بە ڕاست و چەپەوە خستۆتە بەردەم خۆکۆکرنەدەوە، لەوەش واوەتر لە چەندین مناسەبەی جیادا خەڵک لە نەخۆشخانەکان و سەر شەقامەکاندا ڕووبەڕووی بۆریس جۆنسن دەبنەوەو یەخەیان گرتووە کە کۆمەڵگەیان داغان کردووەو خزمەت گوزاری نەماوەو پێیان وت کە ئێوە یاری بە چارەنوسی کۆمەڵگە دەکەن.

لەلایەکی ترەوە ئەم قەیرانەی کە بۆرژوازی بەریتانیا پێدا تێدەپەڕێت، کۆمەڵگەی خستۆتە هەلومەرجێکی ناجێگیرو تاریکەوە، حزبەکانی لیبراڵ دیموکرات و حزبی کرێکارانی "لەیبەر پارتی" لەبەرامبەر حزبی پارێزگاراندا زیاتر بەرچاو خستووە و ئەندام پەرلەمان لە حزبی دەسەڵاتەوە بەرەو حزبەکانی تر دەڕۆن و ئەندامانێکی تر بەدژی سیاسەتی جۆریس جۆنسن دەوەستنەوەو وە حزبەکانی خستۆتە بەردەم کۆنفراس و خۆئامادەکردن بۆ شەڕەکانی دواتری هەڵبژاردن و یەکدەست بوونی باڵەکانی ناویان. لەوانە کۆنفراسی چەند ڕۆژی ڕابردووی حزبی کرێکاران کە باڵی چەپی گەیاندە ئەو ڕادەیەی وەک هێزی سەرەکی ناو ئەم حزبە خۆی نمایش بکات و وەک باڵی سۆسیالیست خۆی



بناسێنێت و لەناو کۆنفرانسەوە بانگەوازی ئەوە بکات کە دەکرێ داهاتوو سۆشیالیستی بێت، ئەمە نەک تەنیا ڕاچڵەکانی حزبی دەسەڵاتدار "پارێزگارن" بوو، بەڵکو بووە هۆی ڕاچڵەکان و پاشەکشەی باڵی ڕاستی ناو حزبی کرێکاران کە بە بلێریستەکان ناسراون.

کاریگەریەکانی بریگزت تەنیا کۆمەڵگەی بەریتانیای لە ڕووی سیاسیەوە نەگرتۆتەوە وەک سەرخەتەکانمان باسکرد، بەڵکو لە ڕووی ئابووریەوە پاوەندی بەریتانی لە خوارترین ئاستدا ڕاگرتووەو نرخی کەلوپەل و پێداویستیە ڕۆژانەییەکانی خەڵک لە بەرزبوونەوەدایە. ڕۆژانە هەواڵی داخستنی کۆمپانیاکان دەبیسترێت و بیکاری کرێکاران فراوان تر دەبێت، ئەمانە لە ئێستادا بوونەتە خواست و بەرنامەیەک بۆ حزبی کرێکاران ئەگەر بێنە سەر دەسەڵات چاکسازی بۆ دەکەن.

لەبەرامبەردا حزبی پارێزگارانی دەسەڵاتدارو سەرۆک وەزیرانەکەی هیچ کێشەیەکیان نییە لەبەرانبەر ئەو هەلومەرجە ڕوو لە خوار و قەیرانەی کۆمەڵگە، بەڵکو تەنیا قسەیان لەسەر ئەوەیە کە چۆن لە ٣١ی ئۆکتۆبەردا بێنە دەرەوە لەئەورووپاو بەم هەنگاوەیان حزبەکەیان لەو قەیرانەی کە تێی کەوتووە ڕزگار بکەن.

بەجیا لەوانەش لەناو ئەو کێشانەدا بەریتانیا، حزبی دەسەڵات و حکومەت ڕووبەڕووی کێشەی سکۆتلەنداو ئێرلەندا بۆتەوە کە پێداگری مانەوەیان لە ئەورووپای یەکگرتوو دەکەن، بەپێچەوانەی حزبی پارێزگارانی دەسەڵاتدار کە بەهەموو شکستەکانیەوە سەرۆکەکەیان هەر سورە لەسەر بریگزت واتە دەرچوون لە ئەورووپای یەکگرتوو.

لەم قەیرانە سیاسی و ئابوریەی ئێستادا بەجیا لەو فرسەتەی کە هاتۆتە بەردەم باڵی چەپی حزبی کرێکاران کە ئێستا خۆی لە پەرلەماندایە، کە خەریکی خۆ یەکدەستکردن و ئامادەکردنە بۆ هەڵبژرادنی داهاتوو تا بتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست، وە قسە ئامادەکاری دەکەن بۆ چاکسازی کەلەبەرنامەیدایە. هەروەها ئەمەش فرسەتێکە کەچینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان خۆیان ئامادە بکەن، وە ئەم دەورانەی نەبوونی ڕێکخراوی چینایەتی کرێکاران و کۆمۆنیستی و مارکسیستی خۆیاندا، دەتوانرێت فرسەت و دەرسێک بێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ دەورەی داهاتوو و هاتنە مەیدانی سیاسیان بۆ دەرکردنی باڵی ڕاستی بۆرژوزای لەدەسەڵاتداو نواندنی هێزو نفوزی چیانیەتی خۆیان نمایش بکەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگە، کە فرسەت و خواستەکانی کۆمەڵگە بۆ ڕزگار بوون لە زەلکاوێک کە سەرمایەداری دروستی کردووە لەبارە بۆ کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی هەر ئێستا.

**٢٩ی سێپتێمبەری ٢٠١٩**


# داخستنی تەوارەیەکە، پوچی بانگەشەی چاکسازی کابینەی نوێ...

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی خەستەخانەی تەواری" فریاکەوتنی خێرا" سلێمانی دادەخرێت... ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەچەندین خەستەخانەی تری وەکو تەواریەکە هەیە. کۆمەڵگەی کوردستان کە بەهۆی دەسەڵاتی لاباک و نابەرپرسی هەرێمەوە، هەمیشە لەبەردەم ڕوداوی نەخوازراو خێرادایە. لە هەلومەرجێکدایە کە: بەهۆی خراپی ڕێگاو بان و شەقامەکانەوە، ڕۆژ نییە چەندین هاوڵاتی نەبنە قوربانی یان بریندار نەبن، بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە بەردەوام کریکاران توشی ڕوداوی نەخوازراو دەبن، ڕۆژانە ژنان بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی ژیانیان، خۆیان دەسوتێنن. بەهۆی زۆر بوونی کیشە کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕۆژانە هەواڵی شەڕ و بریندار بوونی هاوڵاتیان هەیە، بەهۆی گرانی و نەبوونی بێکاریی و نائومیدیەوە هەوڵی خۆکوشتن ڕوو لەسەرە... بەجیا لە هەموو ئەوانە بەوهۆیەوە لەزوربەی شارۆچکەو دیهاتەکاندا، خەستەخانەی پیویست و پیداویستەیەکانی



چارەسەر و چارەسەری خێرا نین، ئەوانیش بەناچار بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر ڕەوانە دەکرێن... ئەم واقعیەتە دەمێکە پێداویستی دروستکردن و کردنەوەی چەندین خەستەخانەی لەچەشنی تەواریەکەی سلێمانی کردووە، بە پیداویستەکی لەدواخستن نەهاتوو، کەچی دەسەڵات و وەزارەتە تەندروستیەکەی ئەو ڕاستیانە نابینێ و قازانج پەرستی کۆمپانیاکان چاویانی کوێر کردووە، تەواریەکە دادەخەن تا قوبانیانی ئەو هەموو ڕوداوە جۆراو جۆرانەی ناو کۆمەڵگە، ناچار بە چوون بۆ خەستەخانە ئەهلی و تایبەتیەکان بکەن... گیرفانی هاوڵاتیان زۆرتر و زۆرتر دابتەکێنن... یان بەهۆی نەبوونیەوە گیانکیشانی خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکان، زۆرتر بکەن... ئەم هەنگاوەی وەزارەتی تەندروستی بۆ داخستنی تەواریەکەی سلێمانی پوچی بانگەشەکانی کابینەی نوێ بۆ چاکسازی دەخاتە ڕوو کە پێوەی دەفشن... بۆ بەرگرتن بەو هەنگاوەی دەسەڵات و وەزارەتە تەندروستیەکە بەر لەهەموو کەس پیویستە هەموو دکتۆرە ئینسان دۆستەکان و یاریدەدەری پزیشک و کارمەندەکانی تەندروستی، ڕای بگەیەنن، و دروشمی" تەواریەکە دامەخەن، مەفرۆشن، ئیمە بەڕیوەی دەبەین" بەدەستەوە بگرن و بێنە مەیدان... بیگومان کاردانەوەیەکی ئاوا، لە پشتیوانی خەستەخانەکانی تر و هاوڵاتیانی کوردستان بەهرەمەند دەبێت و دەتوانێت بریاری فرۆشتن و داخستنی تەواریەکە پوچەڵ بکاتەوە.

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# ڕیفراندۆم لەنێوان ماف وبانگەشەی سیاسیدا

**عبدالرحمن رسول**

ڕیفراندۆم واتە گشتپرسی خەڵکە بۆدەنگدان لەسەر بابەتێکی گشتی خەڵک، ئەم گشتپرسییە بۆ دەنگدان پێویستی بە سازکردنی بارودۆخێکی ئازاد و ئارامە بۆخەڵک. ئەرکی دەسەڵات وحکومەتی کۆمەڵگەیە کە ئەو بارودۆخە ئامادە بکات، دواتر جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی گشت پرسیەکە ئەرکی سەرۆکی دەوڵەت یان سەرۆکی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانە. ئەمەش بە ڕەخساندنی دەنگ دەری هاوڵاتی بە جۆرێکی مەدەنی وئازادانە بارودۆخ بۆ هاوڵاتیان دروست بکەن کە هاوڵاتی بەبێ هیچ فشارێک دەنگی خۆی بدات بە بەڵێ لەسەر بابەت وجۆری بڕیاری چارەسەری یان بە نەخێر، بەهیچ جۆرێک ناکرێت فشار لەسەر دەنگدەر دروست بکرێت چونکە هەبوونی هەر فشارێک نیشانەی سەرکوتی دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە نیشان دەدات. دوای دەنگدان ئەنجامەکانی دەنگدان قبوڵ بکرێت، کە بەهەرجۆرێک بێت چ بەنەخێر یان بە بەڵێ .دامەزراوەکانی حکومەت کار بۆ ڕاسپاردەو ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بکەن ئەمە وەک ماف و ئەرکە بەپێی بنەما یاسایی و مافەکانی جیهانی مرۆڤایەتییە. ئەگەر بە دڵسۆزی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت وحکومەت ئەنجامەکانی گشت پرسی قبوڵ بکەن هەنگاو بنێن دڵسۆزانە بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم ئەوە دەستکەوتی زۆرباشی بۆ کۆمەڵگە دەبێت، کۆمەڵگە بەرەو ئارامی زیاتر دەبات. ئایا بەرپرسانی باشووری کوردستان بەو ئەرکە هەستاون؟ بێگومان نەخێر، چونکە ڕیفراندۆمیان وەکو بانگەشەی حیزبی و سیاسی بەکارهێنا وئێستاش بەوجۆرەن. ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو نارامی زیاتر دەبات. ئایا نەیارانی ڕیفراندۆم لەدڵسۆزیان بۆ خەڵکی کوردستانەوە بوو کە دژایەتی ڕیفراندۆمیان کرد، بێگومان نەخێر بەڵکو، بەهۆی ململانێی حیزبی وسیاسی یەوە چوونە دژایەتی ڕیفراندۆمەوە. کاتێک دژایەتی گشت پرسی دەکەیت دەبێت جێگەرەوەت بۆ ئەو دژایەتی و ڕەخنانەت هەبێت. دژایەتی و نەخێری دەنگدان واتە ڕازیبوون لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراق، ئایا مانەوە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا خەڵک چۆن بەرەو ئارامی و ئاشتی گشتی دەبات کە دامەزراوەکان ویاساکان و دەستووری عێراق لەسەر ئەساسی دەوڵەتی دینی و قەومی بێت و گەشەی جیاکاری و بێکاری و هەژاری وپەراوێزخستن دامەزرابێت. باشووری کوردستان بەدرێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەناو کێشەی وقەیرانی جۆراوجۆردا ڕاگیراوە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەبێ خواستی خەڵکی کوردستان باشووری کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی عێراق، ئەمەش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری زلهێز لەجیهاندا و پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو عێراق، بەڵام بەپێچەوانەوە زیانی زۆری گیانی وماددی بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق گەیاند، لەبەرئەوەی ئەودەوڵەتەی دامەزرا لەعێراق لەسەربنەمای مافی هاوڵاتی بوون دانەمەزرا، بەڵکو سەرجەم دەسەڵاتە یەک لەدوایی یەکەکانی عێراق زیاتر کاریان لەسەر گەشەی جیاکاری وسەرکوت وگەشەی بێکاری وچەوسانەوە و نابەرابەری و نایەکسانی و دزی وگەندەڵی کرد. هەربۆیە هەرچی داهات وسامان وپوڵ وپارەی کۆمەڵگەی عێراق وکوردستان لەلایەن مافیاکانی دەسەڵاتەوە بەناوی دەوڵەتداری وحکومەت ودەسەڵاتداری تەخشان وپەخشانیان پێ کرد. شەڕو ناکۆکی لەنێوان نەتەوە وئایینە جیاوازەکان گەشەی پێدراوە ئەمەش لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کەمینەیەک لەسیاسی یە بازرگانەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق. هەر لە سیستەمی دەوڵەتی مەلیکی هەتا کۆماری وپەرلەمانی هەموویان زیاتر بەلای سازکردنی قەیران و کێشەی نەتەوەی و ئایینی دا وەرچەرخاون، نەک بەلای چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی خەڵکی عێراق و کوردستاندا بچن. لەناوەرۆکدا خەڵکی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان دووربوون لەخولّقاندنی کێشەو قەیران لەسەر یەکتری، بەڵکو زۆر تەباو ئاشتیخوازبوون لەگەڵ یەکتریدا هەربۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان وای کردووە کە ژن و ژنخوازی لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانیشدا هەبووە، بەڵام سیاسییە بازرگانەکان کەهەمیشە مەکینەی بەرهەمهێنانی ئاژاوەو شەرو کێشەو قەیرانەکانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بوون. دەسەڵات وئیدارەی دەوڵەت لەخزمەت چینێکی کەمی کۆمەڵگەی عێراق وکوردستاندابووە، کە ئەویش چینی سەرمایەدارو چینی فەرمانڕەوای کۆمەڵگە بووە. تەنها ئاغا وشێخ وسەرۆک عەشیرەتەکان وبەگەکان ودەوڵەمەندەکانی عێراق وکوردستان سوودیان لەدەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وەرگرتووە. سەرجەم یاساکان و دەستووری دەوڵەت بۆ پارستنی ئەوبەشەی کۆمەڵگەبووە. بۆیە لەجیاتی چارەسەری گەشە بەکێشەو قەیران دراوە، لەجیاتی ئاوەدانی خزمەتگوزاری گشتی کۆمەڵگە، وێرانکراوە. لەجیاتی گەشەی ئازادی ودابینکردنی ماف ویەکسانی ودادپەروەری پێچەوانەکەی گەشەی پێدراوە. کەواتە کۆمەڵگەی عیراق وکوردستان سیستەم ودەسەڵاتی سەرکوتگەری هەبووە بەدرێژایی مێژوویی دەوڵەتداری وحکومەتداری بەقۆناغی ئێستاشەوە، چونکە هیچ حسابیان بۆ دەنگ وبڕیاری هاوڵاتی نەکردووە. دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کەڕیفراندۆم مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە، بەڵام تاوانەکە ئەوەیە کە ڕیفراندۆم بکرێتە بکرێتە قوربانی سیاسی بازرگانەکان لەبەرژەوەندی حیزبی وململانێ سیاسییەکانی عێراق وکوردستان. لەدوایی ساڵی ١٩٩١ کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان نەخشەڕێگای بزووتنەوەی شوورایيان خستەڕوو بۆچارەسەرکردنی کێشە وقەیرانەکان ئەم نەخشە ڕێگایە دوور لەبەرژەوەندی حیزبی ودینی ونەتەوەیی بوو، کە گرینگی بەئیدارەدان وبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەجۆری شوورایی دەدا، واتە خەڵک لەڕێگەی شووراکانەوە حکومەت وکۆمەڵگا بەڕێوەبەرن، بەڵام حیزبەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان وبەرەی کوردستانی زۆربێ ڕوحمانە هێرشیان کردە سەر شووراکان وبەشێکیان کردنە قوربانی وپاشکەشەیان بەشووراکان کرد، نەخشە ڕێگای یەکێتی وپارتی و ئیسلامی وتەواوی بەرەی کوردستانی گرینگیان بە فیدراڵی دەدا، دواتر پارتی ویەکێتی دەسەڵاتیان گرتە دەست لەکوردستان، بەڵام بەهۆی ململانێ حیزبییەکانیان هەتا ئێستا نەیان توانیوە حکومەتێکی دامەزراوەیی لەسەراسەری باشووری کوردستان دابمەزرێنن.

بەهۆکاری ئەوەی ئەوانە زیاتر لەخەمی پاراستنی بەرژەوەندی حیزبی وسەرۆکەکانی خۆیاندابوون، نەک پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی بەرزکردنەوەی و گرینگی دان بە نەخشە ڕێگای ڕیفراندۆم و بانگەشەکردن بەجیابوونەوەی کوردستان لەعێراق. بە پلانی ئێران و دەوڵەتی عێراق لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرش کرایە سەر بارەگاکان و نووسینگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی ،لەڕۆژی ١٤-٧-٢٠٠٠ پێنج لە هەڵسوڕاوان و کادیرانی ئەو حیزبەی کردە قوربانی، تەنانەت ڕێگای سازکردنی تازەێشیان لێگرتن. کۆمۆنیستەکان دڵسۆزانە لەڕوانگەی هەستکردن بە پرسیارێتی نەخشە ڕێگایەکی مرۆڤانە، نەک قەومی ودینی باسی ڕیفراندۆمیان هێنایە گۆڕێ و چەندەها چالاکی و تێکۆشانیان لەناوخۆی کوردستان و عێراق و ئەورووپا ودەوڵەتانی تر ئەنجام دەدا، حیزبەکانی دەسەڵاتداری وەک یەکێتی و پارتی وئیسلامی وبزووتنەوەی گۆڕان دژایەتیان دەکرد. ئەمجارە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بانگەشەی حیزبی وبەرژەوەندی حیزبی بانگەشەی ڕیفراندۆمیان کرد. ئەگەرچی ڕیفراندۆم هەر کەس ولایەنێک پشتیوانی بکات باشە، بەڵام دوڕوویی پارتی و یەکێتی و گۆڕان وئەوانەی دەنگیان بە ڕیفراندۆم دا دوایی دەنگدان باشتر دەرکەوت، چونکە لەچوارچێوەی بانگەشەی حیزبیان کاریان لەسەر ڕیفراندۆم کرد. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕیفراندۆمیش لەوچوارچیوەدا بانگەشەی بۆکراو ئاراستەی خنکاندن کرا. لەلایەکی ترەوە خودی خەڵکی دەنگدەر بە بەڵێ دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە داکۆکییان لە دەنگی بەڵێی خۆیان نەکردو لەئێستادا نای کەن. لەنێوان بانگەشەی حیزبی و دەبوایە ئێستا خەڵکی باشووری کوردستان ڕژابانە سەرشەقامەکانی شارەکان ولە وڵاتانی ئەورووپاو دەوڵەتانی تر بۆناڕەزایەتی نیشاندان لەدژی حیزبەکانی دەسەڵاتدار و سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستان، چونکە دڵسۆز نەبوون بۆئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خەڵکی باشووری کوردستان کە زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان دەنگی بە جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا، بەڵام زۆر بەداخەوە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان دیسان گەڕێندرایەوە بۆ دواوە دەبێت خەڵکی کوردستان باجی زیاتر بدات بۆتێکۆشانی هێنانەدی ئازادی و مافەکان. باشووری کوردستان هەتا جیا نەبێتەوە لەعێراق ودەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت، بەشێکی زۆری لەکێشەو قەیرانەکانی چارەسەرنابێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە لەعێراقدا دەوڵەتێکی دینی و قەومی لەقۆناغی ئێستادا هەیە هەروەک دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران کۆمەڵگە لە دواکەوتوویی و نابەرابەری نایەکسانی و بێمافی و هەژاری و بێکاری و جیاکاری و ململانێی جۆراوجۆر ڕاگرتووە و بۆ داهاتووش کاری لەسەردەکرێت کە بەوجۆرەبێت. باشترین نەخشە ڕێگا لە ئێستا گەشەدان بە بزووتنەوەی شوورایی خەڵکی کە کۆمەڵگە لەلایەن شووراکانی خەڵکەوە بەڕێوەبچێت لەشێوەی ئیدارەدانی شوورایی دا ، واتە خەڵک خۆی دەوڵەتی شوورایی لە کوردستان دابمەزرێنێت.

**هەڵوەشاندنەوەی بۆرۆکراسی سەرو خەڵکی و بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، زامنی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ جەماوەری خەڵک!**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن

؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# فاکتەرەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان

نووسینی: شوانە حەسەن

بەگوێرەی سەلماندنی بەڵگەکان و هەواڵەکان و راپورتی مافەکانی ژنان و ئەوەی کە خۆمان دیتومانە لە هەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان چ بە شێوەی ئاشکرا، توندوتیژی سنووری نییە، ژنان چ لە ماڵەوە بن، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن، چ نەخوێندوار و سەرقاڵی کاری نێو ماڵ بن، چ لە بواری ئابوری دوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست کورت بن، چ جوان بن و چ ناشرین بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جینسی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێکسیش دەبنەوە. توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و لە ئێستادا هەموو میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ئەگەرچی بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چ بە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و چ بە کۆمەڵگەی دواکەوتوو دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لە لایەن باوک، برا، هاوسەر، کەس و کاری نزیک وەک خاڵو ومامە و تەنانەت ئاموزا و خاڵوزاش بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەپێی دەرەنجامی لێکۆلینەوەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ ناوەندەکانی تەندروستی توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک، بەڵکە کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لەسەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش لێک بترازێت.

### شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنان چۆنن؟


یەکەم: سەرەتا لەسەر توندوتیژی جەستەیی قسە دەکەن: بەهەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان وەک لێدان، سوتان، بڕین و دڕین و کوشتن، لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئاسەواری توندوتیژی بە تەواوی بە جەستەی کەسی لێدراو دیارە، کە بە پێی نوێترین ئامارەکان ٢٥ % ژنانی کۆی جیهان دا بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە و ژنان لە ترس و یا لەبەر شەرم وحەیا و ئابرو چوون باسی لێوە ناکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن، هەندێ جار ژنان وا بیردەکەنەوە کە ڕەنگە ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان لە نێو خێزاندا یان کەسوکاریان بە باشی بە ئەنجام نەگەیاندووە!! هەقی خۆیانە کە توندوتیژیان بەرانبەر بکرێت.

دووەم: توندوتیژی دەروونی: ئەم جۆرە توندوتیژییە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە و شمولی سووکایەتی پێکردن، تانە، تەشەر، جنێودان، بێ حورمەتی لەلایەن کەسانی جگە لە بنەماڵەو خێزانی خۆیان، تۆقاندن و بەکارهێنانی زمانی رەق و تەق و هەڕەشەو گوڕەشەیە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری قوڵتر و مەترسیدارتر پێوەیە و کەسێک کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە بێت زیاتر گۆشەگیر و بێزار و خەمۆکە دەبێت و بە پێی وتەی پزیشکان ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بیر لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن دەکەنەوە.

سێهەم: توندوتیژی سێکسی: ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لەلایەن هاوسەر و و کەسوکاری نزیکی ژنانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆک و زیان دەکات. دەستدرێژی سێکسی و دووگیانبوونی زۆرە ملێ و لەباربردن و.... لە خۆ دەگرێت کە ئەم جۆرە لە توندو تیژی هیچکات لە دڵ و جەستەی ژنان سارێژ نابێت.

چوارەم: توندوتیژی خێزانی: باوترین شێوەی توندوتیژییە بە دژی ژنان کە تێدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانووی پرو پوچ و دواکەوتوانە بەرەو رووی توندوتیژی دەبنەوە، دڵپیسی یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیەکان و هەندێجار نەزۆکیش (نازایی و بچەدار نشدن) دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توندوتیژی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە مادده سڕکەرەکان و بێکای پیاوان و توڕەبوون و ناهۆشیاری پیاوانیش خۆی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی.

پێنجەم: توندوتیژی کۆمەڵایەتی: زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی



بەرهەمی هونەرمەند عومەر دەروێش

باو باپیران و لەکەدارکردنی شەرەف و ناموسی خێزان و هەڵسوکەوتی ناشیاو و ئابرووبەرانە ژنان لە لایەن باوک و برا و هاوسەر و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێجار ژنان بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت و لەناو کەشوهەوایەکی پۆلیسی دا دەژین. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لەبەرکردن و بێبەری کردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییەوە.

شەشەم: توندوتیژی ئابووری: لەم جۆرە توندوتیژی دا ئەو ژنانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن هەرچەند شان بە شانی پیاوان کاردەکەن، بەڵام حەقدەستەکانیان، کەمە و زۆر جار لە لایەن بەرێوەبەر یان هاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە. یان لە ماڵەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرین و لەمافی سروشتی خۆیان دوور دەخرێنەوە، دەست درێژ کردنی ژنان و سەربەخۆ نەبوونی ژنان بە بواری ئابوریدا خوی سەرەکیترین و هاندەرترین و کاریگەرترین هەنگاوە بۆ توندوتیژی نواندن دژی ژنان.

هۆکارەکانی توندوتیژی بۆ سەر ژنان زۆرن و تاکۆ ئێستا بە سەدان جار باسی لە سەر کراوە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە قسەی فەیلەسوفێکی گەورە دەکەم سەبارەت بە سەرکیترین هۆکاری توندوتیژی پیاوان دژ بە ژنان( فەیلسوفی بەناوبانگی "جان ئیتیوارت مل" لە کتێبەکەی خویدا " کە لە ژێر ناوی بە کۆیلەکردنی ژنان نوسراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئەو باوەردایە کە: سەرچاوەی بارودۆخی نالەباری ئێستای ژنان بۆ سەرەتاکان، دروست بوونی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە لە دەستپێکی مێژوو، ژنان خۆی وەک کۆیلەی پیاو بینی لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ لاوازی هێزی جەستەیی بگەڕێتەوە، هەروەها دکتۆر (نادیە رمسیس) ئاماژە بەوە دەکاتو دەڵێت" ئەو کاتەی کە پەیوەندی ژنو مێرد باشە یاسا وەدەر ناکەوێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندیان خراپ بوو یاسا وەک شمشێر بۆ سەر ژنان دەردەکەوێت.

## قوربانیانی توندوتیژی و ناموس پەرستی...

* بەرواری ١٨ سێبتەمبەر، کچیکی لاو بەناوی" ل،ف" لەگەرەکی کۆبانیێ شاری کەرکوک لەلایەن برایەکەوە دەدرێتە بەردەستریژی گوللەو گیان لەدەست دەدات... تۆمەتباری بکوژ، دەستگیر




کراوە.

هەروەها لەهەمان رۆژدا کچیکی تر بەناوی"ە،ب" تەمەم ١٨ ساڵ لەگوندی تۆبزاوای شاری کەرکوک، لەناو ماڵی خۆیان لە ڕێگای پرتەوە خۆی دەخنکێنیت و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت.

* ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە: رۆژی هەینی 27ی ئەیلولی 2019، کچێکی لاوی خەڵکی سیلوانا بە ناوی پەیدا مەجیدییان لە ڕێگای خواردنی حەبەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی ئەو کچە لاوە لەوبارەوە وتی: پەیدا کەسێکی خۆش ویستووە و ئەو کەسەش دوو جار چووەتە خوازبێنی، بەڵام لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ڕێگری لێکراوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات



ئەوددەمەی پڕم لە نەفرەت و
خاڵیم لە وشە
ئەو دەمەیە دارێك
بۆ تەورێ خۆی بادەدات
ئەو دەمەی شار لە مقۆ مقۆ دەکەوێ
ئەوددەمەی قاچەکانی شەقام
لە جولە دەوەستێ
ئەوددەمەی نێچیر
بەشێوێن تاپڕەوە وێڵە
ئەو دەمەی تۆ قوربانیت و
من جوێن دەدەم
ئەو دەمەی من جوێن دەدەم و
تۆ ڕاوم دەکەیت
ئەو دەمەی من شیعر بۆ ئازادی دەچرِم
تۆ کرنوش بۆ زیندانی خۆت دەبەی
هەر ئەوکاتەیە
سپارتاکۆسەکان
شاپور و
بەکر عەلیەکان و
سەردەشتەکان
لەبەرچاوتان ولەبەردەمتان
تیرباران ئەکرێن
تۆش هێشتا
چاوەڕوانی دوبەیی
ئارامیان لێدەکەی
کرِنوش نەك هەر بۆخۆت
بۆ جەللادترینیان دەبەیت!!!
-------------------------------
فوئاد عەزیز 9/2018

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

بەشێکی تر لە دەقی

## جانتاکەم پڕە لەدڵی شکاو



تەواو تەواو سەرم لێ ونبووە
نیوەم لەژوورێکی بچکۆلەدا
داناوەو
نیوەکەی تریشم خستۆتە
جانتاکەمەوە
لەهیچ شتێك تێناگەم
نەدەچمەوە سەر جارانی خۆم
و
نەدەشتوانم بارانێکی تورِە
لەسەر بارانێکی
بێ نیشتیمان موتوربەکەم
.................
تورِەم دەکەن
هاورِێکانی گۆرِستانم
رِقیان لەو پۆست چیانەیە
کەنامەی درۆ دەگەیێنن
نامەوێت ئیتر بەوکۆلانانەدا
برِۆم
کەباران بەرِوتی
تیاناسورِێتەوەو
پەرِەسێلەکە بەسەریا نافرِێت

تورِەم دەکەن
هاورِێکانی گۆرِستانم زۆر
غرورن
بەکراسی ئوتوکراوەوە نەبێت
پیاسە بەسەر شەقامەکانی
بەهەشتا ناکەن
.................
نازانم ئەوە کێیە بەم
نیوەشەوە درەنگە لەدەرگاکەم
دەدات و
بەگریانێکی هەنجیریەوە
دەیەوێت
تۆڵەی ئەو زەردەخەنانەی
خۆیم لێبکاتەوە
کەلەشەرِی ناوخۆدا زیندە
بەچاڵمان کردن
هەراسانم دەکەن گەرِانی
ئەوسواڵکەرانە
هەراسانم دەکەن
کەبەو قرچە قرچی نیوەرِۆیە
لەدەرگای ماڵی سەرۆك دەدەن
..................
تەواو تەواو دەستم لەخۆم
بەرداوە
بەهەر شوێنێکدا دەرِۆم
شتێکی منی تیاکەوتووە
خۆمم بۆکۆناکرێتەوە
سەریشم لەخۆم
شێواندووە
نازانم ئەم هەموو قرچە قرچە
چییە
لەناومدا دەگەرِێت
تۆبلێی بۆڵە بۆڵی هاورِێ
رِۆژنامە نوسەکانم بێت
کەبەفەرمانی سەرۆك زیندە
بەچاڵ کران
خۆمم بۆناناسرێتەوە ناتوانم
بەیانیەکی تەماوی قاوەیەکی
سادە لەگەڵ
هاورِێکانی گۆرِستانما
بخۆمەوە
.................
جانتاکەم پرِە لەدڵی شکاو
لەچاوی رِەشو سپی
لەگۆرانی زەرد هەڵگەرِاو
تەواو تەواو دەستم لەخۆم
بەرداوە
ئەم بێ نیشتیمانییە
هەراسانی کردوم
درۆی سەرۆك و پێڵاو دانانی
پیاوەکانی
ناو پەرلەمان خۆمیان
لەبەرچاو خستوم
هیچ شتێکم بۆناخوێنرێتەوە
دایکم بەدەنگێکی ژنانەوە.
پێم دەڵێت
کورِم لەکەلی شەیتان
وەرە خوارەوە
سەرۆك و پاسەوانەکانی درِن
درِ
جانتاکەم پرِە لەدڵی شکاو
لەگۆرانی پرچ برِاو
.................

٢٦/٩/٢٠١٩ حەکیم میرزا

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح





## ون بوون لە خەمدا ....



سەرم ناوە بە
کۆشی خۆمەوە
بیر لە ئازاری ئەو
دایکە دڵ گەرمە
ئەکەمەوە
کە بۆ خەمی کورِە
ون بووەکەی
شپرز شپرز دێت و دەچێ
بیر لەو زەرنەقوتە کەم جورمە ئەکەمەوە
کە نە دایکی بەلایا دێ و
نە باوکە بێ باکەکەی مشوری پوشێکی بۆ ئەخوا.
بەڵێ من بیر لەو بەفرەشە ئەکەمەوە
کە بە ماچی هەتاوێ دائەمرکێتەوە.
دڵم بۆ رِەگی ئەو دارانەش ئەسوتێ
کە لەبەر پیر بونیان
ئیتر حەوسەڵەی گەشەیان نەماوە و
چی تر گورِ نادەن بە باڵای درەخت.
سەرم ناوە بە کۆشی گەرمی خۆمەوە
لەگەڵ هەموو ئازارەکانی دنیادا
من ئەسوتێم، ئەکولێمەوە ،
لەگەڵ زریکەی شیرەخۆرێکی بێ نازدا
مەحاڵە منیش نەمرم و جارێکی تر
بۆ خەمێکی تر دوبارە نەژێمەوە.
من بەم دڵە هەتیوەی خۆمەوە
جگە سەبوری خەمێکی کەڵەگەت
چی هەیە پێی ژیر ببمەوە ؟

عوسمان قادر

## ( بۆ کارڵ مارکس )



هۆنراوە ی : هێرمان خۆرتەر
وە رگێرانی: ئە حمەد جوانکار

تۆبویت .. تۆبویت بەرِێزم
نیشاندەری رِێگای رِاستیم .
بەرِە خنەیەك
هەموو تەموومژی سروشتی
ژیانی رِابردووت رِەواندەوەو
رِاستیەکانت وەك خۆر دەرخست.
ئە وانەی کەرەستەکانی
بنیادنانیان لەبەردەستایە
کرێکارانی کۆمەنیستن ..
ئەوانن ئەتوانن
رِابردوو بسرِنەوەو
دنیای کۆمۆنیزم .. دابمەزرێنن ..
هەر ئەوانن ئەتوانن
هۆکارەکانی کۆیلایەتی و
چەوساندنەوەی ئینسان
لەلایەن ئینسانەوە .. نەهێڵن و
بۆ هەتا هەتایە .. تەفروو تونای کەن



## کار

Arbeid } Herman Gorter
هۆنراوە ی : هێرمان خۆرتەر
وەرگێرانی : ئە حمەد جوانکار

ووزە ئە بێتە ناوەرِۆکی
ئەم گە ردوونە..
ناوەرِۆکی ژیانیش کارە .

مرۆڤ لە رِێگە ی کارەوە
ئەبێتە بە شێك لە هێزی
بە ردەومی سرووشت..

لە نێوان تەواوی مرۆڤەکاندا
کەسانێکی کەمیان هەیە ئەوە بزانن
کە خاوەنی رِاستەقینەی
ئە م زەویە بێسنورە
.. ئەو کە سانەن کە کاردەکەن.

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### ئەورووپا کاتی چوون و هاتنەوە لە کار؛ بە سەعات کار ئەژمار دەکات.

دادگای ئەورووپا بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بەوکاتەی کە هەرکەسێک لە سەرەتای چوونی بۆ سەرکارو گەڕانەوەی لە کۆتایی ڕۆژەکەدا لە شوێنی کارەکەی، وەک سەعات کار بۆی ئەژمار بکرێت و بەپێی یاسا پارێزگاری لە مافی کرێکار بکرێت.

دادگاکە ئەوەی ڕوونکردەوە بۆ ئەو کرێکارانەی نووسینگەی جێگیریان نییە، لەجیاتی ئەو کاتەی کە بەڕێگەوە بەسەری دەبەن پارە وەربگرن. وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو بڕیارە زۆرێک لە فەرمانبەران بگرێتەوە لەناو کیشوەری ئەورووپا.

دادگاکە لە بڕیارەکەیدا پشتی بەستووە بە یاساکانی یەکێتی ئەورووپا، ئەگەر کاتی خایەنراو لە ماڵی کرێکارەکە بۆ سەر شوێنی کارەکە یان بەپێچەوانەوە بۆ گەڕانەوە لەلایەن کۆمپانیاکەوە نووسینگە ناوچەییەکەی ڕەتکردبێتەوە، نەک بە ئارەزووی کرێکارەکە خۆی بووبێت، لەم حالەتەدا کۆمپانیاکە دەبێت کاتی هاتووچوونی بۆسەر کار بە سەعاتکاری ڕەسمی کار بۆ ئەژمار بکات و هەموو بیمەکانی تەندروستی و ئەمنی پارێزراو بێت.

### سەرکوتکردنی مانگرتنی خاوەن بڕاوانامە بەرزەکان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە بەغدا.



ئەحمەد عبدالستار.

سەدان کەس لە هەڵگرانی بڕوانامە بەرزەکانی دکتۆرا و ماجستێر، مانگرتنێکی کراوەیان لەبەردەم بارەگای حکومەت لە ناوچەی عەلاوی ناوەڕاستی بەغدا ڕێکخست و ماوەی پتر لە ١٠٠ ڕۆژی خایاند. داواکاری دامەزراندنیان لە حکومەت دەکرد، حکومەتیش بە بیانووی نەبوونی شوێن ئەو داوایەیان ڕەتکردۆتەوە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەری تازە.

ڕۆژی ٤ شەممە ٢٦ی ئەم مانگە، هێزێکی ئاسایش هەستا بە تێکدانی مانگرتنەکە لەبەردەم نووسینگەی سەرۆک وەزیران عادل عبدالمهدی. هێرشێکی دڕندانە بۆسەرمانگرتنەکە بە بەپرژاندنی ئاوی گەرم بەسەر مانگرتوان کە لەهۆش چوون و بریندار بوونی لێکەوتەوە بە تایبەت لە ناو ژناندا. هەیسەم عەقیل یەکێک لە ڕێکخەرانی مانگرتنەکە قسە لەسەر هەندێک ڕاستی دەکات کە چەندە بە دڕندەیی مانگرتنەکەیان سەرکوتکراوە.

عەقیل گووتی "ئەمرۆ لە ١٠٥ ڕۆژەکەی مانگرتنەکەمان ترسناکتر بوو، و تاوەکو ئێستا نەگەیشتووینەتە هیچ چارەسەرێک بۆ داواکاریەکانمان، لەکاتێکدا ئەم داواکاریانەمان لەبەردەم سەرۆک وەزیراندایە و چاوەڕێی واژۆکردنە".

ئەوەشی زیادکرد" ئەمرۆ بەخۆپیشاندانێکی ئاشتیانە لە ٦ی بەیانیەوە بەڕێکەوتین بۆ بەردەم بارەگای ئەنجومەنی وەزیران، و دوای تێپەڕبوونی ٥ کاتژمێر بەسەر خۆپیشاندانە ئاشتیانەکەماندا، نوێنەری ئەنجومەن بەخۆی و لاپەڕەیەکی سپی بەتاڵەوە هات کە هیچ مۆر و شتێکی بەسەرەوە نەبوو، بەیەک وشە پێی وتین" گۆچانی موسامان بەدەستەوە نییە داتانمەزرێنین".

عەقیل بەردەوام بوو "پاشان هێزی پاراستنی ئاسایش ئاوپرژێنیان کردین بە ئاوی گەرم و یەکێک جگە لە چەند برینداریک و کەسانێک تەلەفۆنی دەستیان لێ شکێندرا و هەندێک لەو ژنانە تەنانەت بەهۆی هێزی ئاوەکەوە حیجابی سەرپۆشیان لەسەر ڕاماڵدرا".

هەروەها هێزە ئەمنیەکان دەستیان گرت بەسەر ڕایەخ و سەرچەف و بەتانی شوێنی مانگرتنەکەدا"، لەکاتێکدا مۆڵەتیشمان هەبووە بۆ خۆپیشاندانەکان، بەڵام ئەوانە ڕێز لە هیچ کەسێک ناگرن تەنانەت ئەوانەی کە خاوەن بڕاونامەشن.

هەروەها عەقیل گووتی کە هێزە ئەمنیەکان ٨ کەسیان دەستگیرکرد. ئێمەش لەهەوڵی ئەوەداین کە سکاڵا لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمارکەین کە بەوشێوەیە توندوتیژیان بەرامبەرمان ئەنجامداوە. ئاماژەی بەوەدا کە" هەڵکشان لە ناڕەزایەتیەکانمان بەردەوام دەبێت و ڕێکاری جۆراوجۆر هەیە و دەیگرینە بەر، گەڕانەوە نییە و بەردەوام دەبین، و مانگرتن بەسەرکوت کۆتایی نایەت".

### مانگرتنی ٤٩ هەزار کرێکاری کۆماپانیای




### ( جەنەراڵ مۆتۆر) پێدەنێتە هەفتەی دووەمی...

محەمەد عادل

٤٩ هەزار کرێکاری گەورە کۆپانیای دنیا بۆ دروستکردنی ئۆتۆمۆبیل (جەنەڕال مۆتۆر GM)دەستیان دایە مانگرتنێکی کراوە، دوای شکستهێنانی دانوسانەکانی نێوان نەقابەی کارگەری ئۆتۆمۆبیل UAWلەسەر داوای زیادکردنی کرێی کرێکاران و دابینکردنی بیمەتی تەندروستی باشتر و بیمەی کار بۆکرێکاران و جێگیرکردنی کرێکارانی کاتی و هەڵوەشاندنەوەی جیاوازی کرێی کرێکاران لە نیوەی شەوی ١٥ی ئەیلوول ٢٠١٩ کە دیاری کرابوو بۆ دەنگدان لەسەر مانگرتن لەکاتی نەگەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکە.

نزیکەی ٤٦ هەزار کرێکار لە کرێکارانی کۆمپانیاکە لە هەموو هێڵەکانی ٣٣ کارگە و کۆگا لە ٩ ویلایەتی ئەمەریکا دەستیان دایە مانگرتن، بەم شێوەیە نیمچە ئیفلیجیەک لە بەرهەمهێنانی گەورەترین کۆمپانیای دنیا دەستپێکرد.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە ڕۆژی دوای دەستپێکردنی مانگرتنەکە لەلایەن جێگری نەقابە تێری تیدس ەوە بەم شێوەیە ئاماژەی بە مانگرتنەکە کرد" گەیشتن بە مانگرتن دوا مەنزڵگە بوو، بڕیاری مانگرتنیش بەکۆی دەنگ بووە. ئاماژەشی کرد بەوەی دانووسان بەردەوام دەبێت لەنێوان لیژنەی دانووسان لەلایەن نەقابە و کۆمپانیاکە تا گەیشتن بە نوێکردنەوەی گرێبەستە بەکۆمەڵەکانی کرێکاران بۆ هەلومەرجی باشتر. تیدس گووتیشی کە ئێستا کاتیەتی بۆ گردبوونەوە لەدەوری بەرژەوەندیەکانی کرێکارانی کۆمپانیاکە و بەرژەوەندیەکانیان، دوای ئەوەی بەشداریانکرد لەڕزگارکردنی کۆمپانیاکە لە داڕووخان و مایەپووچی لە ڕێگەی تەنازول کردن لە زۆرێک لە داواکاریەکانیان لەسەردەمی قەیرانی کۆمپانیاکە، دوای ساڵانێک لە بەدەستهێنانی قازانجێکی بێشوومار کۆمپانیاکە، لەسەر کۆمپانیاکە پێویستە چاوێک بخشێنێتەوە بە سیاسەتەکانی لەبەرامبەر کرێکاراندا.

دوای نەگەیشتی دانووسانەکانی هەردوولا لە ٢٩/٩/٢٠١٩ بەهیچ ڕێکەوتنێک، درێژترین مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆڕ پێ دەنێتە هەفتەی دوومیەوە. شایانی باسە ساڵی ٢٠٠٧ مانگرتن بۆماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو. بەڵام ئەم مانگرتنە دوای مانگرتنی گەورەی ٦٧ ڕۆژەی ساڵی ١٩٩٨ لە بەشەکانی مەشیگان و ٣٠ بەشی دیکەی لە سەراسەری ئەمەریکا بە گەورەترین مانگرتن ئەژمار دەکرێت.

### لوبنان... خۆپیشاندان لەبەرامبەر قەیرانی ئابووری.

٢٩/٩/٢٠١٩ بەسەدان خۆپیشاندەر لە ناوەڕاستی بەیروتی پایتەختی لوبنان گردبوونەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر هەلومەرجی نالەباری ئابووری سەخت، کە ڕووی لەو وڵاتە کردووە بە شێوەیەکی دیار، هەروەها ترس لە هەلومەرجی نالەبارەی بەهای لیرەی لوبنانی. تێکهەڵچوون لەبەردەم بارەگای حکومەت لە ناوەڕاستی شار ڕوویدا، کاتێک خۆپیشاندەران ویستیان هێڵەکانی پۆلیس تێپەڕێنن، لەبەرامبەردا هێزە ئەمنیەکان بە قونبەلەی دەنگی ویستیان بەربەهێرشی خۆپیشاندەران بگرن. خۆپیشاندەران هەستان بەسووتاندنی تایەی ئۆتۆمۆبیل لەسەرشەقامە سەرەکیەکانی بەیروتی پایتەخت، و گرتنی ڕێگاکان لەچەند شوێنێکی دیکەی لوبنان.

لەسەرەتا نزیکەی ٥٠٠ ناڕازی بەبەرزکردنەوەی ئاڵای لوبنان و گووتنەوەی شیعاری" شۆڕش...شۆڕش" لە مەیدانی شەهیدان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەیروت پێش ئەوەی ڕووەو پەرلەمان و بارەگای حکومەت ڕێکەوتن و گردبوونەوە. دوایی لەبەردەم پەرلەمان خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد" سەرای و ئەنجوومەن...دزن دزن" و" گەل دەیەوێت ڕژێم بڕوخێنێت".

یەکێک لە بەشداربوان تەمەنی ٥٢ ساڵ بوو و لەیەکێک لە ڕێکخراوەکان کاردەکات گووتی" ئێمە شەووڕۆژ کاردەکەین بۆ دابینکردنی گوزەرانمان و بەتووڕەییەوە بەردەوام بوو" برسی بووین(...) و دزیان لێکردین، ئەمە بەسە" ڕەتیکردەوە لە گووتنی ناوی خۆی.

لە ساڵانەی دواییدا؛ ئابووری لوبنانی پاشەکشەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەپێی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی گەشەی ٢,٠ ٪ لەساڵی ٢٠١٨ بەخۆوە بینیوە. پەرلەمان لە تەمووزی ٢٠١٩ بڕیاری سکهەڵگوشینی دەرکرد بۆ کەمکردنەوەی (عجزی ساڵ).



گرانبوونی گوزەران و ژیان:


قەرزەکانی گشتی لە لوبنان بۆ ٨٦ ملیار دۆلار بەرزبۆتەوە، واتە پتر لە ١٥٠٪ ی کۆی داهاتی ناوەخۆ، ئەمەش سێهەم بەرزترین ڕێژەیە لە دنیا لە دوای ژاپۆن و یۆنان. لەم ڕۆژانەی دواییشدا ترس لە ئەگەری پاشەکشەی نرخی بەهای جێگیری لیرەی لوبنانی هەیە کە ماوەی دوو دەیەیە بە ١٥٠٠ لیرەی لوبنانی سنووردار کراوە لە بەرامبەر یەک دۆلاری ئەمەریکیدا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاماژەیان بەوەدا کە بانکەکان و نووسینگەی سەرافەکان فرۆشتنی دۆلاریان سنووردارکردۆتەوە لەترسی پاشەکشەی یەدەگی دراوی بیانی. لەڕاستیدا؛ فرۆشتنی دۆلار بۆ نزیکەی ١٦٠٠ لیرەی لوبنانی بەرزبۆتەوە بەهۆی داواکاری زۆرەوە. لە لوبناندا لە پاڵ لیرەی لوبنانی دۆلاری ئەمەریکی بەکاردێت.

نەقابەی خاوەن سووتەمەنیەکان ڕۆژی ٥ شەممەی ڕابردوو مانگرتنیان ڕاگەیاند لە بەرامبەر بەردەست نەبوونی بڕی ئەو دۆلارەی پێویستیانە بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان لە کۆگاکانی سوتەمەنیدا بەهۆی کەمی دراو. بەڵام خاوەن وێستگەکانی سووتەمەنی هەینی ڕایانگەیاند لە هەڵپەساردنی مانگرتنەکەیان دوای ئەوەی گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت بە بەکارهێنانی لیرەی لوبنانی بۆ کڕینی سووتەمەنی. حاکمی بانکی لوبنان ڕیاز سەلامە سەرەتای هەفتە ڕەتیکردەوە کە لوبنان ڕووبەڕووی قەیرانی دراوی دۆلارە.

شکستی ژێرخان:

دوای شکستی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی لوبنانی لە چاکسازی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە بچووکە کە لەژێر قەرز و گەندەڵیدایە. ساڵی پار حکومەت لەبەردەم کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی کە لەپاریس گیرا بۆ یارمەتیدانی لوبنان بەڵێنیاندا بە دەستپێکردنی چاکسازی و کەمکردنەوەی مەسرەفی گشتی لەبەرامبەر وەرگرتنی پتر لە ١١ ملیار دۆلار بەشێوەی قەرز و بەهەنگاو، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرف نەکراوە.



**شێوازە زبر و باوەکانی زمانی کوردی بەشێکی کۆمەڵگە کە مێینەیە کەسێتی لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا بزر بووە و بەشەکەی دیشی کە نێرینەیە نیوەی کەسێتی لەژێر هەژموونی ئەو شێوازە زبرەدا وەکو مرۆڤێکی سروشتی دۆڕاندووە...**

# جەندەر و زمان، کولتووری زارەکی

## نووسینی: کازیوە ساڵح

### بەشی چوارەم

لە ڕۆژئاوادا کارکردن و تێکۆشانی ژیان پابەندە بە بەرهەمهێنانەوە، بەرهەمهێنانیش بەزیندوویەتی ژیان و زیندوویەتیی عەقڵەوە. بەرهەمهێنان لای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمای پرسە کەسییەکان و حوکمە کەسییەکان دامەزراوە. کاتێکی زۆر کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنان تەرخان بکرێت، بۆ پرسە تایبەتمەندییەکانی ئەوانی دی بەفیڕۆ ئەچێت. هەر لێرەشەوەیە، ڕۆژهەڵاتی بۆ چارەسەری هەموو جۆری کێشەکانی، تێربوونی ورگی برسی، مافی پێشێلکراوی بۆ چارەسەر بکات. لەکاتێکدا ئەو پرسانە هیچ گرێدانەوەیەکیان بە ژیان و بە پرەنسیپە مۆڕاڵییەکانەوە نییە. پرسەکەش تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی خاڵێکدایە بۆ شەرعییەتدان بە بەکارهێنانی زمانێکی زبر و ڕووشێنەر بەرامبەر بە پرسیارلێکراو. ئەم پرسە لە دنیای (مێ) دا واتایەکی دی دەبەخشێت، ئەویش جیاکردنەوەیەتی بۆ دەرەوەی یاسا سروشتییەکان، ئەو یاسایەی ساڵەکانی بۆ هەردوو ڕەگەز وەکو یەک تێدەپەڕێت، کەچی لە زمان و عەقڵی زبری ئەم کۆمەڵگەیانەدا پیاوێک دەگات بە سەرووی ٤٥ ساڵ هەر ناوی لاوە) سیاسەتمەداری لاو، هونەرمەندی لاو و ...تد .(بەڵام ژن لە ٢٥ساڵییەوە پێی ناگوترێت لاو و لەپشت تێگەشتنێکی سەلەفییانەوە ناوی دەنرێت قەیرە. ئەمە ئەو چەمکەیە کە شارستانییەتەکانی دنیا بەکارهێنانی بە شەرم دەزانن.

وشەی بێوەژن یەکێکی دیکەیە لەو وشە داڕزیو و ئەتکدەنگانەی بۆ ژنێکی سەڵت یان هاوسەرمردوو یان جیابووەوە بەکار دەهێنرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە هاوکێشەی ئاڵۆزی سێکسیزمدا دەسووڕێتەوە و هێشتا نەگەیشتووە بە دەرەنجامیش. بە بۆچوونی من دوو لێکدراوی )بێوە (واتە بێوەی لەگەڵ) ژن (بە واتای بێوەیەژن بەکار دەهێنرێت، بێوەی لەڕووی سێکشوالیزمەوە. ئەو بێوەییەی کە چیدی کێشەی ئەو پەردە کچێنییەی نەماوە کە کۆمەڵێک بەدەستەجەمعی لەمیانەیەوە بۆ شەرەف دەگەڕین، لە نەستی تاکێکدا کە باوەڕی بەم دەستەواژانە هەیە ئەم ژنە بێوەیە، چونکە ئەگەر سێکسی کرد پێوەی دیار نییە، مادام پێوەی دیار نییە و کۆمەڵیش واتە دەوروبەر پێی نازانێت، تا ئەو ئاستەش پێی نازانێ ئاساییە، تا ئەو ئاستەی کێشەی بۆ دروست ناکرێت ئاساییە، سێکسەکەی بێوەیە، بێ کێشەیە بۆ خێزانەکەی، ئەم چەمکە) بێوەژن (ئەوە ئەگەیەنێت کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە ڕووی تیۆرییەوە لە ناوەڕۆکدا دژی سێکسی نێوان نێر و مێ نییە لە دەرەوەی خێزان ئەگەر بێوەی بێت و کەس پێی نەزانێت. ئەو پەردەی کچێنیش پێویستە لەبەر خاتری ئەم بێوەیە بمێنێت. بەکورتی ئەگەر سێکسکردن بێ ڕەوشتی بێت بەهۆی ڕەوشتەوە دژی نەوەستاوە، بەڵکو بەهۆی خەڵکەوە.

زۆر جار لە ناوچەی سلێمانی دەستەواژەی) بێوەپیاو(یشم بەرگوێ کەوتووە، بەڵام بەدەگمەن ڕوو بەڕوو بە پیاوەکە خۆی گوتراوە و بە پۆشمە) عەیب (ناوزەد کراوە. بەتایبەت ژنان پێیان شەرم بووە بە پیاوێک بڵێن بێوەپیاو. هەتا لە کوردستان بووم لە مامەڵەی فەرمیشدا بە هاوسەر مردوو نووسراوە نەک بێوەپیاو. من پێموایە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم وشەیە پەیوەندیی بە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی ژن بەرامبەر مافەکانی و ئەو شەڕە شاراوەیە کە ژن لە هەندێ دۆخدا بەرامبەر بە پیاو ئەیکات. وەکو ئەوەی ژن ئەو وشەیەی بە شەرم زانیوە بە شێوەیەکی ئاسایی بەرامبەر بە پیاو بەکاری بهێنێت، بەڵام پیاو بێ باکانە بەکاری هێناوە، لەوێوە ئەکرێت ژن کە وشەکەی پێ نەگۆڕاوە و داسەپاندبێت بەسەر ڕەگەزەکەی دیکەیشدا بۆ ئەوەی هاوکێشەیەکی هاوتا دروست بکات. واتە لەبەرئەوەی دەسەڵاتە دەزگەیەک نەگۆڕاوە، کێشەیەک دژی ڕەگەزەکەی دی بەرامبەر بە کێشە بووەکە دروست کراوە.

لە جیهانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵە سیڤلییەکاندا تەنیا ژنێک وە هەروەها پیاوێک هاوسەری مردبێت پێی دەگوترێت) ویدۆ (ئەمەش بێوەژن و بێوەپیاو ناکات و واتای بەو شێوەیە بێحورمەتی نابەخشێت. ڕەگی) ویدۆ ئنۆ ( ئەورووپییە و واتای) بەتاڵ بی (ئەدات. چی بەتاڵ بێت؟ ئەو پێشگری) مستەی( دەبێت بە پێشگری ناوی مرۆڤی هاوسەردار، ئەو پێشگرە ناوەکەی بەتاڵە، کەسی تێدا نەماوە. لەناو کورددا تەنانەت ئەو ژنانەش کە خۆیان بە بیریاری سەردەم دەژمێرن هەر هەمان شوناس و هەمان زمانی سەلەفیی زبر و ڕووشێنەریان بۆ خۆیان و ڕەگەزەکەیان پێیە و بەکار ئەهێنن. واتە دەبێت بە هەژموونێک لەبری دروستکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان و دەبێت بەهۆی هەڵوەشاندنەوەیان لە باشترین باردا گریمانە و گومان بە دەوری بازنەی پەیوەندییەکانماندا. وەکو هایدگەر) ١٩٦٢ ( ئاماژەی بۆ دەکات زمان هێزێکی پێوەرە بۆ مانەوەیان بەوەهم سپاردنی پەیوەندییەکان . ئەو دەڵێت زمان: ئامرازێکە بۆ پەیوەندیی نێوان بوونەوەرەکان، دوو قسەکەر یەکدییان بۆ ئاشکرا دەبێت، بەڵام زۆر جار ئەو دۆزینەوەیە دەبێت بە گوزارشتێکی بەتاڵ و بێ واتا، هەردوو قسەکەر جەخت دەخەنە سەر تێگەشتنی زمان لەسەر حسابی واتا، لەوێوە زمان لەبری دۆزەری بوونەوەر دەبێت بە حەشاردەر و پاشان بە بابەتێکی سەربەخۆ و دەرەوەی ڕەوشتی ئەو بوونەوەرە دەکات، لەوێوە دیاردەی گوتی گوتی و قسەی زبر بەرهەم دێت، وەکو ئەوەی مرۆڤ سەرباری لاڵبوونیش قسە بکات، لەوێوە زمان دەبێت بە ئامانج لەبری ئەوەی ئامرازی دۆزەری بوونەوەرەکان بێت. شێوازە زبر و باوەکانی زمانی کوردی بەشێکی کۆمەڵگە کە مێینەیە کەسێتی لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا بزر بووە و بەشەکەی دیشی کە نێرینەیە نیوەی کەسێتی لەژێر هەژموونی ئەو شێوازە زبرەدا وەکو مرۆڤێکی سروشتی دۆڕاندووە.

لە سایەی پۆست مۆدێرنەدا ڕۆژئاوا تا ڕاددەیەکی زۆر خۆی لە دەربڕینی ئاماژەکانی جێندەرسالاری ڕزگار کردووە. لە دێرەوە هەندێ وشە شوێنگەی خۆیان لە دەربڕێندا جێگیر کردبوو، ئەمانەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نامیلکەی تایبەت بەو مەسەلەیەوە شوێنگۆڕکێیان پێ کرا، بە ئاستێکدا کە ژن بخەنە نێو واتاکانی مرۆڤایەتییەوە. بۆ نموونە، لە کەنەدا یەکێک لەو نامیلکانە ناوی (ڕێبەری ژنانی ئۆنتاریو)یە. ئەم گۆڕانکارییانە تەنانەت گۆڕینی هەندێ لەو وشانەشی لەخۆ گرتووە کە ئاماژەی زبربوون بۆ پیاو. ئەمەش بە واتای فرێدانی ئەو پاشخانە لە دەرەوەی واتاوە خۆی ئاراستە کردبوو و هەروەها بەرهەمهێنانی زمانێکی گشتگیر کە لەنێو واتادا بۆ ڕەهەندەکانی ئەخلاقی پراکتیکی دەگەڕێت، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەخلاقی تیۆرییاندا گونجاو بێت. لێرەوە ئەخلاق دەبێت بە حەقیقەتێکی زانراو. هۆشدارییە فەرامۆشکراوەکانی عەقڵ دەکات بە حەقیقەت و ئەخلاق، دەنا وەک ڕونز ١٩٩٦( دەڵێت عەقڵمان لە کۆمەڵێ مەسەلەدا ئاکتیڤە و لە کۆمەڵێکدا پاسیڤ)، ئەوەندەی ئایدیاکە بە گونجاو دەزانێت، بە پێویستی دەزانێت ئاکتیڤ بێت، ئەوەندەش بە ناگونجاوی دەزانێت بە پێویستی دەزانێت پاسیڤ بێت .

پاسیڤبوونی ڕەگەزی مێ لە ڕۆژهەڵات و لای تاکی کورد لە بەپێویست نەزانینەوە هاتووە. نیو سەدە ئەبێت (وشەی) بزنسمان (بۆ هەردوو ڕەگەز بەکارناهێنرێت، بۆ ژن) بزنسومن (بەکار ئەهێنرێت .بەڵام هەتا ئەم ساتەش هەندێک لەو میدیانەی کە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی ئەگرن گوایە پێوستیان بە لێکترازان و بنیاتنانەوەی دروست هەیە وشەی بزنسمان بۆ ژن بەکار ناهێنن) خاتوو ... فڵان کەس وەکو بزنسمانێک (واتە خاتوو ...وەکو پیاوێکی بازرگان .ئینگلیز بۆ تێگەشتن لە شتی ساکار ئەڵێت پێوسیتت بە عەقڵ نابێت، واتە بەبێ عەقڵیش ئەتوانیت تێ بگەیت .ئەمەش هەر وایە، گەر ژن چۆن پیاوە، ئەگەر لە وشەکە تێناگەیت خۆ وشەی ئینگلیزی بەکارهێنان ڕۆشنبیری باڵا ناگەیەنێت، بە کوردی وشەی بازرگانت هەیە، هەروەها وشەی ژن و پیاوت هەیە، بنووسە وەکو بازرگانێکی ژن. ژنانی دوورگەی ئۆنتاریۆ کاتێک وشە نێرسالارەکانیان گۆڕی، یەکەم شت پەلاماری سروودی نیشتمانیی کەنەدایان دا، هەوڵی گۆڕینی ئەو زمانە نێرسالارانە کە لە نیوەدێڕیکدا دەڵێ) :کوڕی هەمووومان(، ئەمەیان گۆڕی بە) دڵی هەمووومان .(ئەو تێکستانەی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بە دەقی پیرۆزی دەزانن و ئەم پیرۆزییە ڕێگرە لەبەردەم پەردە لادانی دەمامکەکاندا، بەڵام لای ئەو نەتەوانەی پاسیڤبوونی زمان بە پاسیڤبوونی ئەخلاق دەزانن، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەیەک دەدەن کە ئەخلاقی تیۆری و ئەخلاقی پراکتیکی سەربار بکات بۆ پرەنسیپەکانی واتا و وەدەرنانی دەنگە زبرەکانی دەرەوەی واتا. جگە لە هەڵوەشاندنەوەی زمانی دەزگەیی ڕەگەزێک ئەگەیەنێت، زۆردارێک بە زۆر سەپاندنێکی زمانەوانی کۆتایی هێنا، لە جێگەیدا پەسەندکردنێکی کولتووریی ڕواند.

## مات ورا : سەرمایەداری وا ئەم سەرزەمین و گەردوونە دەکوژێ و لەناودەبا" "ئێمە دەبێ خاوەندارێتی گشتی بخەینە نێو جەرگەی ئەم کێشەیەوە"

# کۆنفرانسی حزبی لەیبەری بەریتانی و سەرکەوتنی باڵی چەپ و شکستی پەیڕەوانی بلێر لە ساڵی ٢٠١٩

ئامادەکردنی سالار حمەسەعید

کۆنفراسی ساڵانەی حزبی کرێکارانی بەریتانی (لەیبەر) ٥ ڕۆژی خایاند لە ٢١ تا ٢٥ی سپتمبەر ٢٠١٩ لە شاری برایتن لە باشووری ئینگلتەرا ئەنجامدرا بەئامادەبوونی ١٣٠٠٠ ئەندامی ئەو حزبە بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە هەر بەوتەی میدیاکانی بۆرژوازی بە گاڵتەجاڕی دەستی پێکرد، بەڵام سەرکەوتوانە هاتەدەرێ. بەپێچەوانەی تەواوی چاوەڕوانیەکانی حزبی لیبراڵ دیمۆکرات و کۆنسێرڤەتیڤ کێشەی برێگزت حزبی لەیبەری بەلاڕێدا نەبرد و نەیکردە کێشەی سەرەکی کۆنفرانسەکە. لەکاتێکدا ئەو حزبانە ئومێدی ئەوەیان بوو کە لەیبەر کێشەی برێگزت بیخنکێنێ و نەتوانێ خەریکی باسەگرنگەکانی تری کۆمەڵگە بێت و ئەو کێشەیە ببێتە کێشەی سەرەکی کۆنفرانسەکە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەکەی بوو.

ئەم کۆنفرانسە لەبارو ڕەوشێکدا بەرپاکرا کە ناسەقامگیری و نادیاری و نارۆشنی و دڵەڕاوکێ زاڵە بەسەر کۆمەڵگەدا بەهۆی کێشەی درێژخاەنی برێگزتەوە "چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا". سەرەرای هەموو ئەم بارو رەوشە نائارام و فەوزا سیاسی و ئابووریە، ئومێد وخۆشبینی لەنێو ئەندامان ولایەنگرانی حزبی لەیبەر دا روون و ئاشکرابوو بەبزووتنەوەکە. لەم کۆنفرانسەدا لەکاتێکدا حکومەت لە قەیراندایە، بەڵام بلێریستەکان لە پاشەکشەدابوون وە کۆمەڵێک سیاسەتی رادیکال خرایەڕوو و ئەندامانی حزب دووبارە شەڕەکە دەبەنەوە بۆ لای حزبی کۆنسیرڤەتیڤ و بۆریس جۆنسن. پەیامێک کە زۆر روون بوو بریتی بوو لە ئامادەیی ئەندامان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

لەسەرەتای کۆنفرانسەکەدا واتە تەنانەت پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسەکە دەنگۆی ئەوەبوو کە جیابوونەوە و پلانگێڕی لەئارادایە ئەویش بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی هەبوو لەنێوان جێگری سەرۆکی حزب " تۆم واتسن وجۆن لانسمەن" کە لانسمەن لەهەوڵی ئەوەدابوو ئەو پۆستە لە حزبی لەیبەر دانەهێڵێ. ئەم کێشەیە زۆر گەورە کرا لە رۆژنامە و میدیاکان دا بەتایبەتی حزبی کۆنسێرڤەتیڤ ئەم کێشەیەی نێوان ئەم دوانەی بە "شەڕی ناوخۆ" ناوزەدکرد. ڕووداوەکان بەردەوام لەگۆڕاندان، نەک هەفتانە و ڕۆژانە، بەڵکو تەنانەت سەعات بەسەعات گۆڕانکاری ڕوودەدات.

لایەنگرانی بلێر (بلێریستەکان) وهاوڕێکانیان لە رۆژنامە ومیدیاکاندا هەر لە هەوڵی ئەوەدابوون کە سەرنجی خەڵکی بە دوور لە واقعیەتی کۆنفرانسەکەدا بەرن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بەهۆی زوڵاڵی دەنگی بەرزی ناو هۆڵەکانی مەڵبەندی کۆنفرانسەکە لە برایتن. لایەنگرانی باڵی ڕاستی لەیبەر (بلێریستەکان) وایاندەزانی کە لەیبەر لەسەر کێشەی برێگزت تووشی ئاستەنگ و کێشە دەبێتەوە لەناو کۆنفرانسەکەدا وناتوانن لێی بێنە دەرێ، بەڵام ئەوەی ڕوویدا کۆنفرانس زیاتر سەرقاڵی کێشە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگە وخەڵک بوو، مافەکانی کرێکاران و کێشەی نیشتەجێکردن وخانووبەرە و زیادکردنیماڵیات و زەریبە بۆسەر سەرمایەدارەکان. کاتێ زانیان کە کۆنفرانس بەم کێشانەوە خەریکە تا کێشەی برێگزت هەستیان بەشکستی خۆیان کرد.

سەبارەت بەهەلومەرجی میلیتانتی حزبی لەیبەر دەتوانرێ بوترێ کە لەم کۆنفرانسەدا گفتوگۆ و دیبەیتی زۆرکرا دەربارەی گێڕانەوەی بڕگەی ٤ ی بەرنامەی حزب کە بەپێی ئەو بڕگەیە حزبی لەیبەر حزبێکی سۆسیالیستی یە. لەم کۆنفرانسەدا ئەم بڕگەیە خرایە دەنگدانەوە و بە ڕێژەی لەسەدا ٦٢ پشتیوانی لێکرا بە دووبارەهێنانەوەی ئەم بڕگەیە بۆ ناو بەرنامەی حزب پاش ئەوەی حزبی لەیبەر بە ڕابەرایەتی تۆنی بلێر لەساڵی ١٩٩٥ لەبەرنامە لای بردبوو. دووبارە ناسنامەی سۆسیالیستی حزبی بەپێی ئەو بڕگەیە درایەوە بەحزب. ئەم کارە خوێنێکی تازەی بەخشی بە بەدەنەی حزب و مۆڕاڵێکی میلیتانتی دا بە ئەندامان و نوێنەرانی ئامادە لە کۆنفرانسەکە و ئەو مۆڕاڵە بەردەوام بوو تا کۆتایی کۆنفرانس بەهۆی ئەو کارەوە. سیاسەتی ڕادیکال، مۆراڵی ڕادیکاڵی لەناو ئەنداماندا پێکدەهێنا.




کەشێکی میلیتانتی زاڵ بوو بەسەر کەش و هەوا و ئەتمۆسفیری کۆنفرانسەکە بە تێپەڕاندنی کۆمەڵێک سیاسەتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی. ئەمە تەنانەت پێش باسکردن و تێپەڕاندنی سیاسەت و دروشمەکانی باڵی چەپی حزب. لەوانەش : هێنانی ٣٢ سەعات کار لەهەفتە، هەڵوەشاندنەوەی قوتابخانە پرایڤێتەکان (تایبەتەکان)، دامەزراندنی خزمەتگوزاری و چاودێری سەراسەری (نیشتمانی)، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی سەوزی نوێ، بە خاوەندارێتی گشتی کردنی کۆمەڵێک دامودەزگای جۆراوجۆر، گەیاندنی ڕێژەی کاربۆن لە دەرهاویشتەکاندا بە سفر تا ساڵی ٢٠٣٠.

یەکێک لە ڕابەرانی رادیکاڵ و خاوەن دەنگی بەهێزی حزبی لەیبەر، جۆن ماکدۆنێڵ بوو کە سەبارەت بە بەرنامەی ئابووری حزب دوا و باسی لە ژمارەیەک ریفۆرمی گرنگ کرد هەروەها باسی لە هەندێ بەڵێن کرد کە حکومەتی لەیبەر هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی لەکاتی حوکمرانیەکەیدا لەوانەش دابینکردنی "خزمەتگوزاری سەرەتایی هەمەلایەنە" بەرینکردنەوەی خاوەنداریەتی گشتی.

گەلێک وتە ئاگرینییەکان پەنجەیان ڕادەکێشا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەرمایەداری و ڕووی ڕەخنەکانیان دەکردە سیستەمی سەرمایەداری وە ئەوەی داوایان دەکرد وەک ڕێگەچارە لەبەرامبەر سەرمایەداری و نەهامەتیەکانی داوای میللی کردن یا خۆماڵیکردن بوو هەروەها پیادەکردنی هەندێ سیاسەتی سۆسیالیستی بۆ نموونە سکرتێری گشتی یەکیەتی کرێکارانی ئاگرکوژێنەوە (ئێف بی یو) "مات ورا" کە هاتە سەر باسی "ڕێکەوتنی سەوزی نوێ" وتی: "سەرمایەداری وا ئەم سەرزەمین و گەردوونە دەکوژێ و لەناودەبا" "ئێمە دەبێ خاوەندارێتی گشتی بخەینە نێو جەرگەی ئەم کێشەیەوە". هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ئەندامانە لەناو کۆنفرانسەکە دەنگیان دەهێنا و هەڵدەبژێردران کە لایەنگری ڕاشکاوانەی پەنابەران بوون .

ئەو زمانەی کە بەکارهات لەم کۆنفرانسە لەلایەن ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئامادەبوو زمانێک و خیتابێکی تایبەتی چینایەتی بوو کە جێگەی سەرنج بوو. زۆر بە ڕوون و ئاشکرا باس لە هەڵخراندن و ئامادەبەکارکردنی کرێکاران کرا و کەمپین کردن لەدەوری مەسەلە سۆسیالیستیەکان و تێکۆشان و خەبات بۆ گەیشتن بە حکومەتێکی سۆسیالیستی لەیبەر (حزبی کرێکاران). ئەمە یەکێک لەو نموونەی بۆچوونی میلیتانتی یە بوو کە لەکۆنفرانسەکەدا هەبوو.

ئەندامانی حزب کە ڕەگ وڕیشەی کرێکاریان هەبوو لە دەوری جێرمی کۆربن کۆبوونەوە و چوونە پشتیەوە. بەپێچەوانەشەوە بلێریستیەکان (پەیڕەوانی بلێر) هێزێکی نەبینراوبوون لەم کۆنفرانسەدا. لە کۆتایی هەفتە پاش گەیشتن بە کۆتایی کۆنفرانسەکە لە هیچ کوێیەکەوە دیارنەمان و نەبینران. بەتایبەت تۆم واتسن وازی لە وتە و باسەکانی هێنا پاش ئەوەی وتە و قسەکانی بیسەر و بینەری نەبوون و چۆڵیانکرد و ئەویش ئەوێی بەجێێ هێشت و زوو بەرەو لەندەن گەڕایەوە. برێلیستەکان تووشی شەرمەزاری بوون لەم کۆنفرانسەدا و ناچار برایتن یان بەجێهێشت. پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆریان دا کە حزبی لەیبەر دووچاری لێکترازان و جیابوونەوە بکەن بەتایبەتی لەسەر کێشەی برێگزت. لایەنگرانی "مانەوە" لەگەڵ یەکیەتی ئەوروپا بەلێشاو چوونە سەر شەقام لە دەرەوەی شوێن و مەڵبەندی کۆنفرانسەکە بەئاڵای شینی یەکیەتی ئەورووپاوە بەدەنگی بەرز و دەنگە دەنگی زۆرەوە نارەزایەتی بەرزکرایەوەو وترا "دەنگدانی خەڵک" ئەمە بۆ ئەوە بوو کە فشار و پاڵەپەستۆکە کەڵەکەبێ وزۆربێت. قسەکەرانی سەرەکی وەک "ئێمیلی ثۆرنبێری" و "کیر ستارمێر" بە دەرفەتیان زانی کە بانگەواز بکەن و داوابکەن لە حزب کە هەڵویستی "مانەوە" بگرێتە بەر. بەڵام تەواوی ئەم هەوڵانە بێ ئاکام مانەوە، بەڵام لەبری ئەمە کۆنفرانس بەتوندی تەئکیدی کردەوە لەسەر مانەوەی لە پشت "کۆربن"ەوە. لەکۆتاییدا هەڵوێستی تەبەقاتی و چینایەتی رۆشنی کۆربن بوو کە تەواوی ڕۆژەکەی سەبارەت بە برێگزت و تەیکیدی لەسەر ئەوەی کە حزب نابێ حزبی لەسەدا ٤٨ یا ٥٢ بێت، بەڵکو دەبێ لەیبەر حزبی لەسەدا ٩٩ بێت. دیار و رۆشنە کە لەیبەر بەرەو هەڵبژاردنی گشتی دەچێت لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانەکانی لەسەر کێشە چینایەتیەکان.

کۆربن تەئکیدی کردەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی لەیبەر مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەوانەی کە وڵات بەڕێوەدەبەن لە دەلالەکانی کاروباری دارایی و ساختەکارانی زەریبە و ماڵیات وە ئەوانەی پۆخڵەواتکاری گەورەن. هەروەها کۆربن دەڵێت کە لە حکومەتی لەیبەر دا ئێمە بەڵێن دەدەین کە دامەزراوەیەک دابمەزرێنین کە دامەزراوەیەکی دەرمانی گشتی و دەوڵەتی بێت کە دەرمان بە نرخێکی هەرزان و گونجاو بێت کە هەموو کەسێک بتوانێ لێی سوودمەند بێت کە ئەگەر دابمەزرێ ئەوا هەم ژیانی مرۆڤەکان دەپارێزێ هەم بە پارەیەکی کەم بۆ خزمەتکردنی نەخۆشەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی سەراسەری (ئێن ئێچ ئێس) کە پشت بەستوو نەبێت بە کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکانی دەرمان. کۆربن وتی: خوڵقێنەرانی ڕاستەقینەی سەروەت و سامان واتە خەڵکی ئەم وڵاتە دەتوانن کار و خزمەتگوزاری و داهاتوویەکیان هەبێت کە شایستەین".

کۆربن توانی لەم کۆنفرانسەدا کەلە وتەکانیدا دیار و رۆشن بوو کە ئەوەی کرد کە دەبوا بکرێ ئەویش هەڵخراندنی لایەنگران و ئەندامانی ئەم بزوتنەوە کرێکاریەی لەیبەرە لەدەوری سیاسەتی چینایەتی کرێکاران.

پاش ئەوەی بیسترا کە دادگای باڵا بڕیاری داوە لەسەر هەڵپەساردنەکەی پەرلەمان و بۆریس جۆنسن بە نایاسایی پەرلەمانی پەککست، کۆربن مۆراڵی ئامادەبووانی بەرزکردەوە و ڕایگەیاند کە چیدی جۆنسن شیاو گونجاو نییە کە سەرۆک وەزیران بێت.

کۆربن لەناو ئامادەبووانی پڕ لە حەماس و شۆڕو شەوقی ناو کۆنفرانسەکەدا وتی: "ئەم قەیرانە تەنها بە هەڵبژاردنی گشتی حەل و فەسل دەکرێ". وتەکانی کۆربن ڕووبەڕووی حەماسێکی زۆری ئامادەبوان بوەوە بەتایبەتی بە ڕازیبوون بە داوا رادیکالەکانی کۆنفراسەکە تەنانەت هێندە ورووژابوون کە تامەزرۆبوون چالاکوانانیان بچنە سەر شەقامەکان و کەمپینی سەرکەوتنی لەیبەر بکەن.

کۆنفرانسی لەیبەری ئەمساڵ ئەو کۆنفرانسەبوو کە پێویست بوو بکرێ هەروەک خۆیان دەڵێن. هەناسەیەکی قووڵ بوو بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە تێپەڕین لە چەند مانگی ڕابردوودا. چالاکوانانی لەیبەر دەڵێن ئەم کۆنفرانسە هەوایەکی تازەبوو لە بەرامبەر هەموو ئەو تەنگەژەی کە حزب پیاتێپەڕی هەروەها وەبیرهێنەرەوەی هێزی ئەم بزوتنەوەیە کەلەکوێ دایە و حەماسی چاوەڕوانکراوی ئەوەشە کە بەڕێوەیە ڕووبدات. لەراستیدا ئەم کۆنفرانسە کۆبوونەوەیەکی بەرینی پێش هەڵبژاردن بوو وە وەک ئەندامانی ئەو حزبە دەڵێن دەرفەتێک بوو بۆ نەرمکردنی ماسوولکەکانمان بۆ شەڕێک کە بەڕێوەیە. لەیبەر دەڵێ: باشەڕەکەمان دەست پێ بکات.


**سپتمبەری ٢٠١٩**

بۆپێشەوە FORWARD

# ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار

## دیمانەی مەنسور حیکمەت لەگەڵ کۆمۆنیست سەبارەت بە بڕیارنامەی پەسەندکراوی پلینۆمی دەهەم...

### بەشی یەکەم



**کۆمۆنیست: لە بەشی یەکەمی بڕیارنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە چینی کرێکاری ئێران بەدرێژایی مێژوو بێ بەش بووە لە ڕێکخراوەی جەماوەی ئاشکرا. گرنگترین هۆکارەکانی بەردەم ئەم بێ بەشییە چیە؟ ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە لەگەڵ هەبونی ئەم هۆکارانە پێکهێنانی شورا چۆن گونجاوە بتوانێت بە شێوەیەکی فراوان پێکبێت وە بەشێوەی بەردەوام درێژە بەبوون وکارو چالاکیەکانی بدات؟ ئایا جیاوازی ڕێکخراوەی شورایی لەگەڵ بەدیلە ڕیکخراوەییە جەماوەریەکانی تردا بەو ئاستە جدیە کە ئەم ڕیگرییە واقعیانە لەبەرامبەریدا پوچەڵ دەبێتەوە؟ ئایا ڕێکخرای شورایی خۆی لە خۆیدا بەرگری زیاتری لەبەرامبەر سەرکوتگەریەکانی بۆرژوازیدا هەیە؟**

**مەنسور حیکمەت:** ڕێگام بدە سەرەتا ئەوە بڵێم کە نابێت "بێ بەشبوونی مێژویی" چینی کرێکاری ئێران لە ڕێکخراوەی جەماوەری بە شێوەیەکی ڕەها نیشان بدەین. سەردەمانێک لە مێژوی بزوتنەوەی کرێکاری ئێراندا بوونی هەبووە، وەکو سەردەمی پێش سەرکوتی ڕەزاخانی، سەردەمی پاش جەنگی جیهانی دووهەم هەتا کودەتای ٢٠ ئاپ( ٢٨ مردا) و بەکورتی سەردەمی شۆڕشی ٧٩، کە گەواهی دەدەن لەسەر پێکهاتن وپەرەسەندن لە شێوازە جیاوازەکانی ڕێکخراوەی جەماوەری هێنابووە دەرەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر ٢٠-٣٩ ساڵی دوای (واتە ئەزمونی یەک تا دوو نەوەی ئەم دواییانەی کرێکاران) وەک بنەما دابنێین، سەیر دەکەین چەند جیاوازییەکی جدی هەیە لە ئاستی ڕێکخراوکردنی جەماوەری کرێکاران لە ئێران و تەواوی وڵاتان، وە نەک تەنها وڵاتانی سەرمایەداری پیشکەوتوتردا، بەڵکو زۆریک لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم دەبین.

ئەم بارودۆخە هۆکاری جۆراوجۆری هەیە کە لە ئاستی جیاوازدا دەتوانیت لەبارەیانەوە قسە بکەین. یەکەمین هۆکار کە بەبیردێنەوە ئەوانەن: یەکەم گۆڕانی خێرای پێکهاتەی چینی کرێکارە پاش چاکسازی زەوی دەیەی چل و هاتنە ناوەوەی بەشێکی زۆر گەورەی دانیشتوانی دیهاتەکان بۆ مەیدانی کاری بەکرێ لەشارەکاندا، ئەمە هەم ململانی ناوخۆی چینی کریکاری توندکردەوە (ململانێیەک کە تەنها لە ناوەڕاستی دەیەی ٥٠ ی هەتاویدا لەگەڵ چوونە سەری داهاتی نەوت زۆربوونی ئاستی کارکردنی کەمکردوە) وە هەم کاریگەریشی لەسەر ئاستی خۆهوشیاری چینی کرێکاری ئێران دانا. ئەزمونی خەباتی سەندیکایی ڕابردوی هاوپیشە و پیشەوەرانێکی دیاریکراودا ئەبێت، وەکو ڕستنەکان، پیشەی چاپ و هتد، کە لە دەیەی ٤٠ و٥٠ کان، پێگەی خۆیان لە بەرهەمهێنانیش و بەڕادەیەکی زۆریش لە کارکردنی کرێکاراندا لەدەستداوە. نەوەی نوێی کرێکارانی بەکرێی ئێران هاوڕێ لەگەڵ پیشەسازی نوێدا، تەکنەلۆجیای جیاوازو بەشەنوێیەکانی بەرهەمهێناندا گەشەیان کرد. سونەتە ڕێکخراوەییەکانی دەیەکانی ڕابردو، کە ئیتر هێندە بەهێزو درێژە کار نەبوو. لەم بارودۆخەدا لاواز بووە. چینی کرێکارێکی تازە پێگەیشتو کە پێی ناوەتە مەیدان کە بەشی زۆریان لەگەڵ سونەتی خەباتی ڕێکخراوەی کرێکاریدا ڕانەهاتبوو وە لە مێژوچەی خەباتی ڕێکخراوەیی کرێکاری کاریگەری جدی وەر نەگرتبوو. هۆکارێکی تربوونی کەم تا زۆر سەرکوتی توندی سیاسی ودەسەڵاتی ڕژێمە سەرکوتگەرە پۆلیسیەکانە لە ئێرانی سەدەی بیستدایە کە تەنها لە ماوەی قۆناغ گەلێکی دیاریکراو، لە بارودۆخی تەنگژە سیاسیەکان، لە دامێنەی ئەودا داشکاوەتەوە. هەوڵەکانی بزوتنەوەی کریکاری لە ئێران بۆ ڕێکخراوبوون وڕێکخراومانەوە بەردەوام لەگەڵ توندترین سەرکوتی پۆلیسیدا ڕووبەڕوبووە و ڕابەران وهەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریان لەژێر توندترین چاودێریدا داناوە.

ئەمانە ئەو هۆکارە گشتیانەن کە پێکهاتن وبەردەوامی ڕێکخراوە کرێکاریەکانیان لە ئێراندا دژوار کردووە، بەڵام بیرهێنانەوەی ئەمانەش بەڕێکی وەڵامی کێشەکە ناداتەوە. پرسیارەکە دەتوانرێت بەم شێوەیە بێت کە بۆچی بزوتنەوەی کرێکاری نەیتوانیوە بەسەر ئەم گیروگرفتانەدا سەرکەوێت؟ لێرەدا ئەبێت هەندێک تایبەت تر قسە لە'ڕێکخراوەی جەماوەری" بکەین. وە ئەمە پەیوەندی بە بەشی دوهەمی پرسیارەکەتانەوە ئەبێت. لەوجێگایەدا کە باس لە شوراو، سەندیکا، وەکو "ئەلگۆکانی" ڕێکخستنی جەماوەری بیردێنیتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە شورا، سەندیکا، کۆمیتەکانی کارگە وهیتر... تەنها "ئەلگۆکانی"ڕێکخراوی جەماوەری نین، ئەو ئەلگۆیانەی کە گوایە وەڵام بە پێوستیەک ئەدەنەوە وە کرێکاران سەرپشکن کە ئەم ئەلگۆ یان ئەو ئەلگۆیە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. سەندیکاو شورا بەدیلەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانن لە ناو بزوتنەوەی چینایەتیدا.

بەدەستەواژەیەکی تر نابێت ئەوانە بەشێوەی پێشنیار وئەلگۆکانی ڕێکخراوی تەجریدی ولە دەرەوەی کات و شوێن وبەبێ پێشینەو ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و مێژویی دیاریکراو وەربگرین.

بزوتنەوەی سەندیکایی وبزوتنەوەی شورایی و بزوتنەوەی کۆمیتەی کارگەکانیش و هیتریش، بزوتنەوە جیاوازن لەناو دەرونی چنی کرێکاردا. ئەوبزوتنەوانەی کە ناوەرۆکی سیاسی وئاسۆ و کردەوەیەکی جیاواز نونەرایەتی دەکەن وە تەنانەت کاریگەریان لە توێژە جیاوازەکانی چینی کرێکاردا وەک یەک نییە. بەم پێیە ئەبێت ئەم پرسیارە بەشێوەی دیارتر بخرێتەڕوو. هۆکاری سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی سەندیکالیستی و تریدۆنیۆنی لە ئێراندا چی بووە؟ وەیان، بزوتنەوەی شورایی بەیاریکراوی بۆچی نەیتوانیەوە وەڵامدەرەوەی پێویستیە ڕێکخراوەیەکانی جەماوەری کرێکار بداتەوە؟ لێرەدایە کە ئیتر ئەبێت لەباسی ڕێگری وئاستەنگە گشتیەکان واوەتر بچین و وەڵام بە دینامیزمی جوڵانی ئەم بزوتنەوە دیاریکراوانە وکێشەکانیان لە ئێران بدەینەوە.


ئەگەر کێشەکە بەو جۆرە لەبەرچاو بگرین، یەکسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بزوتنەوە واقیعیەکان بۆ ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران، بەشێکن لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتر کە نەک تەنها لەبەرامبەر بە ڕێکخراوەی کرێکاران، بەڵکو لەپەیوەند بە هەموو بارودۆخی ئابوری وساسیەوە لە کۆمەڵگەدا ئەڵتەرناتیڤی خۆیان نیشان ئەدەن. بزوتنەوەی سەندیکایی یان بزوتنەوەی شورایی، بەشیکن لە جوڵانەوەیەکی فروانتر بۆ گۆڕینی هەموو کۆمەڵگە لە لایەنێکی تایبەتدا. ئەبێت ئەو بۆچونە ساویلکە سونەتیانەی چەپ بخەینە لاوە کە گوایە حیزبە سیاسیەکان خەباتی وشیارانەو ئامانجدارانەی سیاسی نوێنەرایەتی دەکەن وڕێکخراوە کرێکاریەکان کارو کاردانەوەی "خۆبەخۆی" کرێکاران بۆ باشکردنی بارودۆخیان پێچەوانە دەکەنەوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تریدیۆنیزم وبزوتنەوەی سەندیکالیستی بەهەر ئەندازەیەکیش کە لە هەنگاوەکانی یەکەمی خۆیدا لەسەدەی ڕابردودا بزوتنەوەیەکی "خۆبەخۆ" بووبێت (کەنەبووە)، دەیان ساڵە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ڕێبازێکی گشتی کۆمەڵایەتی، واتە ڕیفۆرمیزم وسۆسیال دیموکراسی. تریدیۆنیزم، ئەڵتەرناتیڤی دیاریکراوی ڕیفۆرمیزم و سۆشیال دیموکراسیە وەک بزوتنەوەیەکی دیارو پێناسەکراوی سیاسی و چینایەتی بۆ ڕیکخستنی کرێکاران. ئەم ئەڵتەرناتیڤە زۆر زیاتر لە چوارچیوەی کرێکاری و پێکهێنانی یەکێتیەکان تێدەپەڕێ. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاسۆیەکی دیاریکراوی سەبارەت بە شێوەی دەوڵەت بەگشتی، گرفتی شێوەکانی بڕیاردانی ئابوری و تەنانەت تیئۆریەکان و بەرنامە کاری ئابوری دیاریکراو دەخرێتەڕوو. ئەگەر ئێوە بەشەکانی ئەم ئەڵتەرناتیڤە کۆمەڵایەتی-ڕیفۆرمیستی وسۆسیال دیموکراسیە، خەت بکێشن، ئەوکاتە سەندیکالیزم" نەقابەگەری" خۆی لەخۆیدا توانای بوونی بە جوڵانەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی نییە. بزوتنەوەی نەقابی، باڵێکی کرێکاری جوڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە بەشەکانی تری وەک ڕابەران وحیزبە سیاسیەکان، ئەڵتەرناتیڤە ئابوریەکانیان بۆ هەموو کۆمەڵگە، سیستەمی ئابوری تایبەت بەخۆی و هیتریش داوادەکات وە پێویستی پێیەتی، هۆکاری بێبەشی کرێکاری ئێرانی لە نەقابە تەنها ئەوە نییە کە بۆرژوازی ڕیگری پێکهێنانی نەقابەکان بووە، بەڵکو لەبنەڕەتدا لەوەدایە کە لانی کەم لە پاش ٢٠ئاپ(٢٨مرداد) وە ڕیفۆرمیزم لە ئێران گەیشتە کۆتایی سەردەمێکی چارەنوس سازی خۆی وە لەدوای ئەوکاتەوە جێگایەکی گرنگ لە مەیدانی سیاسی لە ئێراندا داگیر ناکات.

هەر ئەو مەسەلەیە لەبارەی بزوتنەوەی شواریشەوە دروستە. ئەویش تەنها نموونەیەک نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤیکی بزوتنەوەیەکی تایبەت و مەیلێکی تایبەت لەناو چینی کرێکاردایە بۆ ڕێکخستنی کرێکاران. ئەگەرچی لەڕوی مێژویەوە بەڕێژەیەکی زۆر شوراکان جێگای سەرنجی ئانارشیستەکان بووە، بەڵام دەمێکە کە بەشێوەیەکی روولەگەشە لەگەڵ کۆمۆنیزم هاتۆتەوە و لەگەڵی لیکهەڵپێکراوە. ئەزمونەکانی وەکو کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بیرۆکەی شوراکان و ڕێکخستنی شورایی کرێکارانی بەتیئۆری کۆمۆنیزم وسیاسەتی کۆمۆنیستیەوە جۆشدراون. بزوتنەوەی شورایش بەم ڕیزبەندیە بەشێکە لە جوڵانەوەیەکی جیاواز، بە ئاسۆ و دورنمای سیاسی، ئابوری و بەڕیوەبەری تایبەت بەخۆی. بارودۆخی بزوتنەوەی شورایش بەتەواوەتی پەیوەست ئەبێتەوە بە بارودۆخی کۆمۆنیزمەوە لە ئێران. ئەوەی کە بیرۆکەی شورا لە شۆڕشی٥٧(٧٩م) زاڵ بوو بەسەر بیرۆکەی سەندیکاییدا لەناو چینی کرێکاردا، ڕەنگدانەوەی بێ پایەیی و لاوازی ڕیفۆرمیزم و سۆشیال دیموکراسی و سەرکەوتنی گشتی بیری کۆمۆنیستی وسیاسەتی ڕادیکاڵ لەنێو کرێکاراندا بوو. (لەژێرسایەی بارۆدۆخی شۆڕشگێڕانەدا).وە ئەوەش کە ئەم بزوتنەوەی شوراییە نەیتوانی ئەو هێزو پەرەسەندنە بەدەست بهێنێت لە سنورداری فکری وکردەیی تایبەتی کۆمۆنیزمی ئێرانەوە لەوسەردەمە دیاریکراوەدا سەرچاوە دەگرێت.

بەکورتی باسی شوراو سەندیکا، باسێک نییە بۆ هەڵبژاردن لەنیوان یەکێک لە"نمونە"کانی ڕێکخراوبونی جەماوەریدا. ئەمە ڕەنگدانەوەی کێشمەکێشی ئەڵتەرناتیڤەکانی دوو مەیلی بنەڕەتیە لەناوخۆی چینی کرێکاردا. مەیلی کۆمۆنیستی و ڕادیکاڵ ومەیلی ڕیفۆرمیستی وسۆسیال دیموکراسی. ئەگەر شوراکان (لەبەراورد لەگەڵ...

بۆ لاپەڕە.. 16



# فوئاد قەرەداغی: سیستمی سەرمایەداریی كار لەسەر بەكاڵاكردنی هەموو شتێك دەكات، لەنێویاندا ئەو بوارانەی پەیوەندیی بەژیانی خەڵكییەوە هەبێت، وەك كەرتەكانی تەندروستی و پەروەردە، بەئامانجی فراوانكردنەوەی سەرمایەگوزاری و بازاڕ بۆ قازانج و زێتركردنی كەڵەكەكردنی سەرمایە...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ فوئاد قەرداغی نووسەری سیاسی و پەروەردەیی، سەبارەت بەساڵی تازەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە

**بۆپێشەوە: ئامارە فەرمیەكان لەلایەن بەڕێوەبەرانی پەروەردەوە، هەلومەرجی ترسناكی پەروەردەو فێركردن دەخەنە ڕوو... ٨١% قوتابخانەكان بەكەڵكی خوێندن نایەن! لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ١٧٨ قوتابخانەیان دوو دەوامن! ١٢٤ قوتابخانەیان سێ دەوامن! ٥ قوتابخانەیان چوار دەوامن! لە ٦٦٣٥ قوتابخانە ٢٢% بینایان نییە! ٦٠% قوتابخانەكان گونجاو نین! تەنها ١٨% باشن... هەروەها ١٣٩٥ قوتابخانە میوانن لە بینای تردا. ٦٠٠ لادێ بێ قوتابخانەیە! ٣٠ قوتابخانە لەگڵ دروستكراون! لە ٣٥٠ قوتابخانەدا، تەوالێت بۆ مامۆستایان نییە! ٥٠٣٥ قوتابخانە بێ توێژەری كۆمەڵایەتین! ٩١% قوتابخانەكان تاقیگەیان نییە! ساڵانە ٣٠ بۆ ٤٥ هەزار قوتابی واز لەخوێندن دەهێنن!... لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ و هۆكاری ئەم دۆخە چییە؟**

**فوئاد قەرەداغی:** ئەم ئامارانە زەنگێكی ئێجگار مەترسیدارن، واقیعی پرۆسەی خوێندن لە كوردستاندا دەخەنەڕوو. ئامارەكان بەڵگەن بۆ دواكەوتنی ئەم پرۆسەیەو، كەمتەرخەمی دەسەڵاتی سیاسی و پەروەردەیی بەرامبەر بوارێكی ستراتیژی بۆ گۆڕانكاریی ریشەیی لەم هەرێمەدا. ئەم ئامارانە وەك چەندایەتی نمایشی ئاستی كوالێتی سیستمی پەروەردەو فێربوون دەكەن، مەترسیدارترینیان ئەو ژمارە زۆرەی وازهێنانی قوتابیانە لە خوێندن. ئەم ژمارەیە لەگەڵ ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ٦٠٠ گونددا بێبەشن لە خوێندن واقیعە كارەساتبارەكە بەڕوونی دەگەیەنن. هەڵبەت بەشێك لە هۆكارەكان، بەپێی ئامارەكان، بۆ كەموكووڕیی و پەڕپووتی بێئەندازەی بینای قوتابخانەكان دەگەڕێتەوە كە بارێكی دەروونی ناجێگیری بۆ قوتابیان و مامۆستایان دروستكردووە. نەبوونی تاقیگە لە زۆربەی قوتابخانەكاندا، نەبوونی توێژەری كۆمەڵایەتی (ڕاستتر توێژەری دەروونی) نەبوونی تەوالێت و دەستشۆرو ئاوی پاك، سەرباری كەموكوڕییەكانیدی بیناكان، كاریگەرێتی لەسەر ئاستی خوێندن و قوتابیان و خوێندكاران دادەنێت، ئارامی خوێندن ناهێڵێت و ، پرۆسەكە لە ئاستێكی هەرەنزمدا دەهێڵێتەوە.

لەڕاستیدا دوای ڕاپەڕین كۆمەڵێك ڕێكخراوی بیانی هاوكاری وەزارەتی پەروەردەیان بە چەندین پرۆژەی چاكسازیی كرد، بەڵام ئەو توانا داراییانەی بۆ ئەو پرۆژانەیان تەرخانكرد و، دواتریش هەموو ئەو پارانەی لە بودجەی ساڵانەدا، حكومەتی هەرێم بۆ كەرتی پەروەردەو فێركردنی دانا، بەباشی نەخرانەگەڕو، دەستگاكانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان لە پارێزگاكانی هەرێمدا، بۆ گۆڕانكارییەكی چەندایەتی و چۆنایەتی، سوودیان لێوەرنەگرت و بەفیڕۆدران، هەر بۆیە ئەمڕۆ، بارودۆخی بیناكان و كاریگەرێتی لەسەر چۆنایەتیی پەروەردەو خوێندن، بەم شێوەیە دەبینین.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە كەم و كوڕی بیناو و پێداویستیەكانی خوێندن، مەنهەجی خوێندن چۆن دەبینن؟ لاتان وایە ئەو مەنهەجەی هەیە، جێگای پەسەندە یان مەنهەجی خوێندن و پەروەردەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕە؟**

**فوئاد قەرەداغی:** كۆڵەكەیەكی سەرەكی راگرتنی سیستمە پەروەردەییەكان بەرنامەكانی خوێندنە. بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكان و پێگەیاندنی فێرخوازان بەو ئاڕاستەیەی سیستمی كۆمەڵایەتی لەڕێیی پەروەردەوە دەیەوێت، لە چۆنایەتی بەرنامەكاندا چڕدەبێتەوە، لەبەرئەوە رادەی كاریگەرێتی بەرنامەكان لە رەفتارو رەوشتی قوتابییان، پێوەرێكی راستگۆی واقیعی سیستمی پەروەردەو فێربوونە. واتە تەنها چۆنیەتی داڕشتنی بەرنامەكان یان خواستنی لە سیستمە پێشكەوتووەكانەوە، مەرج نییە بۆ كاریگەرێتی بەرنامەكان، بەبێ رەنگدانەوەی لە بنیاتنانی كەسایەتی مرۆڤەكانی كۆمەڵگەدا، كە كەرەسە سەرەتاییەكەی چۆنایەتی كەسایەتیی فێرخوازان دەبێت.

ئەگەرچی سیستمی پەروەردە لە كوردستاندا بۆ گۆڕانكارییەكان پشت بە لێكۆڵینەوەی زانستی و تۆژینەوەی مەیدانی نابەستێت، بەڵام پەروەردەییەكان، لەڕێی خوێندنەوەی واقیعی كۆمەڵایەتی بەگشتی و رەفتارو رەوشتی نەوەكانەوە لە ماوەی چەند دەساڵێكدا، دەتوانن بەرنامەكان هەڵبسەنگێنن و سەركەوتن و سەرنەكەوتنی دیاری بكەن، بۆیە ئا لەم سنوورەدا رایەكانم دەردەبڕم و پێموایە پەروەردەی ئێمە كاری بنیاتنەرانەی ئەنجام نەداوەو لەدوای راپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هەلی گۆڕانكاریی و پێشكەوتنی لەدەستداوە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە هەندێك لەو ئامانجانەی سیمای پەروەردەیەكی نوێ دەستنیشان دەكەن، ئاستی نزمی كاریگەرێتی پەروەردەمان بۆ دەردەخەن، بۆ نموونە:

١: لەسەر ئاستی گشتی كۆمەڵگە، بیركردنەوەی زانستی و لێكدانەوەی لۆژیكی و ئەقڵییەتی رەخنەگرانە لە ئارادا نییە، زۆربە كلیلی بیركردنەوەو رایەكانی بەدەستی خۆیەوە نییە، یان بەدەست خێڵ و بنەماڵەو كەسانی دییەوەیە، یان بەدەست حیزبەكانەوەیە، یان بنەماكەی خەرافیاتەو ئالای سپی لەبەرامبەریاندا هەڵكردووە.

٢: بەدەگمەن نەبێت، رووكاری مرۆڤدۆستی لە بیركردنەوەو هەڵوێستی زۆربەدا نابینرێت. بەگشتی و لەسایەی بیركردنەوەی نەتەوەپەرستانەو ئایینگەرادا، دەمارگیریی نەتەوەیی و ئایینی زاڵە، هەڵوێستی داعشیانە، بیروبۆچوونی راسیستی و فاشستی، دژایەتی گەلان بەتایبەتی ئەو گەلانەی لە سنووری یەك دەوڵەتدا لەگەڵیان دەژین بۆتە دیاردەیەكی گشتی و لە حاڵەتی فەردی یان گرووپ دەرچووە.

٣: جگە لەو دوو لایەنەی سەرەوە، كۆمەڵێك بواری دیكە هەیە نشانەیە بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردە دەستكورتە لە ئاستی ئاڕاستەی ئەرێیانەی كۆمەڵگەدا، كەهەریەكەیان لێكۆڵینەوەیەكی تایبەتییان دەوێت وەكو: مافە مرۆییەكانی ژنان و گەنجان و منداڵان، دیاردەی ژنكوشتن، پێشێلكردنی مافە مرۆییەكانی خەڵكی بەتایبەتی كرێكاران و زەحمەتكێشان، نەبوونی ئازادی و یەكسانی لەسەر ئاستی گشتی كۆمەڵگەدا، نەبوونی شێوازی دیموكراسی لەبەڕێوەبردنی قوتابخانەو فەرمانگە حكومەتییەكاندا ... هتد

لەبەر تیشكی ئەو واقیعە تاڵەی سیستمی پەروەردە لە هەرێمی كوردستاندا، بەر لە بەرنامەكانی خوێندن، سیستمەكە پێویستی بە گۆڕانكارییە. هەڵبەت بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان و شێوازی فەرمانڕەوایی رێگرە لەبەردەم شۆڕشێكی پەروەردەیی یان گۆڕانكارییەكی ریشەییدا، ناتوانرێت گەشەكردن و پەرەپێدانی گەورە لە سیستمی پەروەردەییدا چاوەڕوان بكرێت، بۆیە لانی كەم دەكرێت ریفۆرمێكی سنووردار بەم دام ودەسگایەی ئەمڕۆ بەڕێوەبچێت. دەبێت تەوەرەی ئەم ریفۆرمە، بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت، بڕیاردانی پەروەردەیەكی سێكولار (عەلمانی) بێت، واتە ئایین لە پەروەردەو فێربوون جیابكرێتەوە. تەنها بە پەروەردەیەكی سێكولار دەتوانرێت هەنگاوێكی سەرەتایی بۆ گۆڕانكاریی پەروەردەیی بنرێت.

لەسایەی سیستمێكی سێكولاردا بوار بۆ بیركردنەوەی زانستیی رەخنەگرانەی دوور لە خەرافیات دەڕەخسێت. رێ خۆشدەبێت كە پرنسیپەكانی ئازادی و یەكسانی بەرامبەر ستەمكاری و ناعەدالەتی بەرز رابگیرێت و ململانێ بكەن. لانیكەمی مافەكانی ژنان و منداڵان و گەنجان دابینبكرێت و، پێشێلكردنیان نامۆ بێت بە بەها سێكولاریستەكان. هەروەها دەتوانرێت پرنسیپی دیموكراسی بۆ هەمووان بێتە بواری پڕاكتیكەوەو، هەیمەنەی حزب لەسەر دامودەزگاكانی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانی پەروەردەو ئیدارەی قوتابخانەو خوێندنگاكان نەمێنێت. دیارە ئەم هەنگاوەش بەرەو ریفۆرم بەبێ دەستوورێكی سێكولار نابێت، واتە كردنەوەی گرێكوێرەی بارودۆخەكە، بە پاڵپشتیی دەستووری و ئامادەیی ملكەچبوونی دەسەڵات بۆ دەستوور بەندە، بەبێ ئەوە نابێت هیچ چاوەڕوانییەكمان بۆ ریفۆرمێكی پێشكەوتووانەی هاوچەرخ هەبێت.

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردەیەكی تەندرویست، بەندە بە سیستەمێكی سیاسی تەندروست، لاتان وایە سیستەمی سیاسی و حكومڕانی كوردستان دەتوانێ سیستەمێكی شیاوی پەروەردەیی جێ بخەن؟**

**فوئاد قەرەداغی:** لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، هەمیشە سیستمی پەروەردە رەنگدانەوەی سیستمی سیاسییە، ئامانجەكانی ئەو سیستمە بەرجەستە دەكات. پرۆژەی بنیاتنانی كۆمەڵگە بەپێی ئەو چەمكانە دادەڕێژێت كە دەسەڵات دەیەوێت و لە بەرنامەیدا هەیە، گۆڕانكارییەكانیش هەر بەپێی خواستی دەسەڵات و حزبی زاڵی دەسەڵات دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە پانتاییەكی بەرتەسك بۆ

> **لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، هەمیشە سیستمی پەروەردە رەنگدانەوەی سیستمی سیاسییە، ئامانجەكانی ئەو سیستمە بەرجەستە دەكات. پرۆژەی بنیاتنانی كۆمەڵگە بەپێی ئەو چەمكانە دادەڕێژێت كە دەسەڵات دەیەوێت و لە بەرنامەیدا هەیە، گۆڕانكارییەكانیش هەر بەپێی خواستی دەسەڵات و حزبی زاڵی دەسەڵات دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە پانتاییەكی بەرتەسك بۆ گۆڕانكاریی جیاواز لە خواستی دەسەڵات هەیە.**

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆڕانکاریی جیاواز لە خواستی دەسەڵات هەیە.

سیستمی فەرمانڕەوایی و وەرگرتنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوە ڕەسمییەکەی سیستمێکی پەرلەمانیی بۆرژوازییە. ئەم سیستمە وا دەخوازێت پەرلەمان داڕێژەری سیاسەت و هەموو ئەو سیستمانە بێت کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە جیاجیاکانی دەوڵەت پێویستن، بەڵام لێرە، ئەم ئاڕاستەیە، زێتر وەڵامدانەوەیە بەو زلهێزانەی لە دەرەوە لەنگەری حوکم رادەگرن، بۆیە پراکتیکی رووکەش دەبێت و، واقیعی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە سیستمی باوی کۆمەڵگە، سەروسیمای دیاری دەکات. سیستمی خێڵ و سیستمی بۆرژوازی دوو سیستمی جیاوازن، ئەمڕۆ لە



ئەزموون لە پەروەردەو فێربووندا دەزانن کە هیچ بوارێکی پرۆسەکە نییە پێویستی بە ریفۆرم نەبێت، بۆ نموونە:

نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی روون کە سیستمی پەروەردە لەهەموو کایەکاندا پێڕەوی بکات. سیستمی بەڕێوەبردنی پەروەردە هەر لە لوتکەی وەزارەتەوە تا دوا قوتابخانەو خوێندنگە، حیزبەکانی دەسەڵات،

بەرنامەڕێژکراوی سیستمی جیهانیی سەرمایەدارییە بەتایبەتی لەسەردەمی سەرمایەداریی جیهانگیردا.

سیستمی سەرمایەداریی کار لەسەر بەکاڵاکردنی هەموو شتێک دەکات، لەنێویاندا ئەو بوارانەی پەیوەندیی بەژیانی خەڵکییەوە هەبێت، وەک کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە، بەئامانجی فراوانکردنەوەی سەرمایەگوزاری و بازاڕ بۆ قازانج و زێترکردنی کەڵەکەکردنی سەرمایە، لەبەر ئەوە، لەسایەی سەرمایەداریی جیهانگیرداو، دوای هەرەسی مۆدێلی سۆسیالیزمی بۆرژوازی و سەرمایەداریی دەوڵەتیی بلۆکی رۆژهەڵات، ئەم شێوازەی سەرمایەگوزاری پەرەیسەندو بە دواخاڵی جیهانی کۆنترۆڵکراوی سەرمایەداریی گەیشت.

**نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی روون کە سیستمی پەروەردە لەهەموو کایەکاندا پێڕەوی بکات. سیستمی بەڕێوەبردنی پەروەردە هەر لە لوتکەی وەزارەتەوە تا دوا قوتابخانەو خوێندنگە، حیزبەکانی دەسەڵات، بەپێی جوگرافیای بوون و هێزیان، قۆرخیانکردووە، بەبێ ئەوەی مەرجی پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزموونیان لە بوارەکەدا رەچاوبکەن**

ئاستی جیهان – نەک هەر کوردستان – لە هاوکاری و ململانێدان، لەهەر وڵاتێک هاوکێشەی ئەم ململانێیە روخسارو ناوەرۆکی سیستمی پەروەردە بۆ مەودایەکی مێژوویی دەنەخشێنێت.

**بۆپێشەوە: لەچوارچێوەی بانگەشەی چاکسازی کابینەی نوێدا، ئەو ریفۆرمانەی پێویستن لە بواری پەروەردەدا، بەخێرایی بکرێن، کامانەن؟ وە تاچەند لاتان وایە ئەم کابینەیە دەتوانێت چاکسازی لە بواری پەروەردەدا بکات؟**

**فوئاد قەرەداغی:** بەر لەوەی ئاماژە بەو ریفۆرمانە بکەم، راستییەک هەیە ناتوانرێت نکوولی لێبکرێت، ئەویش ئەزموونی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا بۆ زێتر لە چارەکە سەدەیەک. لەم ماوە درێژەدا کابینە بەدوای کابینەدا هاتن، چەند جارێک وەزیرەکانی پەروەردە گۆڕان، هەرچی هات و کۆمەڵێک بەڵێنی چاکسازییدا، بەڵام پرۆسەی پەروەردەو فێربوون گۆڕانکاریی بەسەردا نەهات، دەستکاریی رووکەش جێی ریفۆرمی جیدی گرتەوەو، چۆنایەتیی خوێندن هەنگاوی بەرەو پێشەوە نەنا، لەبەرئەوە بڕواناکەم ئەم کابینەیەش ریفۆرمێکی بەرچاو بکات، جیاوازو باشتر لە کابینەکانی پێش خۆی. لەبەر تیشکی ئەو ئەزموونەی لە سەرجەم ساڵانی فەرمانڕەوایەتیی حکومەتی هەرێمدا هەمانە، باوەڕ ناکەم زۆربەی بەڵێنەکانی چاکسازیی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرچی راستتر وەهایە واقیعی پەروەردە لە هەرێمدا بە تۆژینەوە دیارییبکرێت و، بەوپێیەش چارەسەر بۆ گرفتەکانی دابنرێت، بەڵام مامۆستایان و شارەزایانی خاوەن

بەپێی جوگرافیای بوون و هێزیان، قۆرخیانکردووە، بەبێ ئەوەی مەرجی پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزموونیان لە بوارەکەدا رەچاوبکەن.

سیستمی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی بەهەمان شێوە.

سیستمی هەڵسەنگاندنی قوتابیان و خوێندکاران لەڕێی تاقیکردنەوەکانەوە پڕ گیروگرفتە، چ لە رووی شێوازی پرسیاری ئەزموونە گشتییەکان و ، چ لەڕووی ئەو هەڵانەی ساڵانە لە پرسیارەکاندا دەبینرێن.

پرۆسەی پەروەردەیی هەرێم سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوەو، لەبری بەهێزکردنی قوتابخانەکانمان، دەیان قوتابخانەی بیانی تەنگیان بە قوتابخانەی خۆماڵیی هەڵچنیوەو ئیعتیبارێکیان بۆ خوێندنی حکومی نەهێشتۆتەوە.

سەرەڕای ئەو گرفتانە سیستمی پەروەردە بەدەست چەندین گرفتیدیکەوە دەناڵێنێت وەک: خوێندنی تیجاری، خوێندنی چەند وانەیەک هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە زمانی ئینگلیزی، گۆڕانکاریی لە بەرنامەکانی خوێندندا بەبێ تۆژینەوەی زانستی کە ئەو گۆڕانکارییە بکاتە زەرووڕەتی پێشکەوتن لە ئاستی بەرنامەکاندا، گرفتەکانی: راهێنانی مامۆستایان وتاقیگە بۆ وانە زانستییەکان و بۆ فێربوونی زمانی بیانی و ، رێگا کلاسیکییەکانی وانەگوتنەوەو ... هتد .

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەوڵی حکومەت بۆ بەئەهلی کردن و بە تایبەتیکردنی پرسی پەروەردەو فێرکردن؟**

**فوئاد قەرەداغی:** تایبەتیکردنی پرسی پەروەردەو فێربوون لەڕێی بە ئەهلیکردنیەوە ئەجندەیەکی

لەڕاستیدا خوێندنی ئەهلی، واتە خوێندن بەپارە (خوێندنی تیجاری) ئاساییە لە هەرێمێکدا هاوپشکی حکومەتی ئێستای عێراق بێت، هاوکاریی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتانی دراوسێ و وابەستەی سیستمی سەرمایەداریی جیهانگیر بێت. ئەم جۆرە خوێندنە، خوێندنی حکومەتی، بێبەرامبەری پارە فەرامۆش دەکات و فشاری ئابووری دەخاتە سەر گیرفانی جەماوەری خەڵکی نەدار، بوار بۆ منداڵی بەرپرسانی دەوڵەت و منداڵی خاوەن داراکان دەڕەخسێنێت خوێندنی تایبەتییان هەبێت بۆ زامنکردنی فەرمانڕەواییان لە داهاتووی وڵاتدا، هەروەها چینێکی بۆرژوازی نوێی خاوەن بەرژەوەندی دەهێنێتە کایەوە کە هەمیشە پشت وپەنای دەسەڵات و ئەو هێزە جیهانییانە بێت کە دەسەڵات – بەم شێوە یان ئەو شێوە– وابەستەیانە.

خوێندنی ئەهلی بوارێکە بۆ: درێژەپێدانی خوێندنی لیبراڵی سەرمایەداریی، کڕینی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و کارمەندانی دوارۆژ، گرێدانی پەروەردەو فێرکردن بە پەروەردەو فێرکردنی بیانی و زامنکردنی جێگیربوونی ئەو بیانییانە لە کوردستاندا. بە کورتی قوتابخانەی ئەهلی و خوێندنی ئەهلی لە ئیمڕۆی باشووری کوردستاندا پڕۆژەیەکی پەروەردەیی نییە، بەڵکو پڕۆژەیەکی قازانجپەرستییە بە سپۆنسەری دەسەڵات، لەڕێی دەسەڵاتی پەروەردەیی هەرێم و ناوەندە جیاجیاکانی سەرمایەداریی جیهانی بە تایبەتی ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە رێکخراوی ( ئێن . جی . ئۆ ) دەناسرێن . .

# خۆپیشاندان لە ئەستەنبوڵ دژ بە بێدەنگی حکومەت لە بەرامبەر توندوتیژی دژ بەژنان

## ئامادەکردنی ئاراس ڕەشید

دەیان هەزار ژن بۆ خۆپیشاندان لە شەقامەکانی ئەستەنبوڵ خۆپیشاندانیان ئەنجامدا وەک



ناڕەزایەتیەک دژ بەو کاری توندوتیژیەی دەرهەق بەژنان دەکرێت و دەبنە ئامانج. ئیدانەی کەمکاری حکومەت دەکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە کە ڕوو لە هەڵکشاندایە.

خۆپیشاندانەکە لە گەڕەکی کادیکۆی سەر بەبەشی ئاسیای ئەو شارە دەستیپێکرد، و ئەم شیعارانەشیان بەرزکردبۆوە" کوشتنی ژنان ڕاگرن " مەبنە تەماشاکەری ئەو توندوتیژیە، کارێک بکەن بۆ ڕاگرتنی".

ژنانی خۆپیشاندەر زۆر ڕووداویان دەگێڕایەوە کە ژنان بوونەتە قوربانی وەک (پۆلۆتی تەمەن ٣٨ ساڵ لە مانگی ئابدا لەلایەن مێردەکەیەوە بە چەقۆ لەملی درا، ئەمەش دوای دەمەقاڵێی نێوانیان لە چایخانەیەکی شاری کیریکالە لە ناوەڕاستی تورکیا و لە پێش چاوی کچە ١٠ ساڵەکەیان. دوای ئەوەی ئەو ڕووداوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە کرتە ڤیدیۆیەکەی بڵاوکرایەوە و ژنەکە هاواری دەکرد "نامەوێت بمرم".

ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی فراوان و بانگێشتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بۆ قەدەغەکردنی کاری توندوتیژی دەرحەق بەژنان.

غامزی ئۆزتورک کە یەکێکە لە ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە گووتی "کوشتنی ئەیمین بۆلۆت بووە هۆکاری دروستبوونی نائومێدیەکی گەورە لە کۆمەڵگە. تاوەکو ئێستاش قسەکانی کۆتایی ژیان لە گوێی ژنانی تورکیادا دەزرنگێتەوە کە دەیگووت" نامەوێت بمرم".

لە ٨مانگی ڕابردوودا ٢٨٤ ژن لە تورکیا کوژراون، لەوانە ٤٠ ژنیان تەنیا لە مانگی ئابدا، ٤٤٠ لە ساڵی ٢٠١٨، ئەمەش بەپێی ئاماری کۆمەڵێک لە داکۆکیکەران لەمافی ژنانەوە .

**مافی فێربوون، مافی بەهرەمەندبوون لەهەموو ئەو ئیمکاناتی فێربوونەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، مافێکی سەرەتایی هەر تاکێکە...**



# فاتیمە موراد: تێکەڵبونی کچان و کوران لە پرۆسەی پەروەردەدا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. دەبێتە هۆی ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری و کەمبوونەوەی جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان نێر و مێ دا...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ فاتمە موراد توێژەری کۆمەڵایەتی ،سەبارەت بەساڵی تازەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەوڵی حکومەت بۆ بەئەهلی کردن و بە تایبەتیکردنی پرسی پەروەردەو فێرکردن؟**

**فاتیمە موراد مەلا:** لەهەرێمی کوردستان دوو جۆرە قوتابخانە هەیە؛ قوتابخانەکانی حکومی ( گشتی) و ئەهلی (تایبەت). لەهەردوو جۆرەکەشدا قوتابخانەی نێوخۆی (لۆکالی) و قوتابخانەی نێودەوڵەتی هەیە. مەبەست لەقوتابخانە لۆکاڵییەکان ئەو قوتابخانانەن کەتیایاندا مەنهەجی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێ، و سیستەم وفەلسەفەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم پەیڕەو دەکرێ. هەرچی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانن پشت بە یەکێک لە مەنهەجە نێودەوڵەتییەکان دەبەستن و هەمان ئامانجیان هەیە لەبەکارهێنانی پێڕەو و پرۆگرامەکانیان. بەنموونە قوتابخانەی (شوەیفات)کە تیایدا مەنهەجی (سابیس) دەخوێندرێ و قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتییە و لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە. هەروەها قوتابخانەی شەهید فاخر مێرگەسۆری هەمان سیستم و مەنهەجی (سابیس) بەکاردەهێنێ بەڵام حکومییە.

وەزارەتی پەروەردە ئیمکانیەتی دابینکردنی تەواوی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی خوێندنی نییە! هەر لە پۆلەکانی خوێندن ودابینکردنی مامۆستا و فەرمانبەران تادەگات بەتوانا کردنیان لەڕووی زانستی و کارگێڕی بۆئەوەی لەگەڵ گۆڕانە پەروەردەیی و زانستییەکانی سەردەم بگونجێن. هەروەها کێشەیەکی دیکەی پەروەردە درووستنەکردنی بینای پێویستە بۆتەواوی ژمارەی قوتابیان، هەندێ قوتابخانە سێ دەوامیە و هەندێکیتر دوو دەوام ژمارەیەکی کەمیش یەک دەوامین، ئەمە لەناوەندی شارەکان. لەگوندەکانیش کێشەکان بۆ سێ ئەوەندە زیاد دەبن و لەهەندێکیشیان هەر قوتابخانە نییە!

سەرەڕای ئەو هەموو کەم و کورتیانەش؛ وەزارەتی پەروەردە هەمیشە لە هەوڵی کەمکردنەوە و دانانی سنورە بۆکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی، بۆنموونە یاساکانی تایبەت بەکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی مەرج و بنەمای زۆر زەحمەت و قورسی تێدایە، کەزۆر ئەستەمە هەموو کەسێ بتوانێت قوتابخانەیەک بکاتەوە. لەلایەکیتر؛ لەکابینەی پێشو وەزیری پەروەردە چەند قوتابخانە و باخچەی منداڵانی حکومی کردە ئینگلیزی، واتە وانەکان بەزمانی ئینگلیزی بخوێندرێن شان بەشانی قوتابخانە ئەهلییەکان. هەروەها لەکابینەی تازەشدا یەکەم بڕیاری وەزیری پەروەردە؛ ڕاگرتنی پێدانی مۆڵەت بوو بۆکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژمارەی قوتابخانەی ئەهلی بەتایبەتی باخچەی منداڵان ئێجگار زۆرە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەکوردستان یاسا سەروەر نییە و جێبەجێ ناکرێت، چونکە مەرجەکانی دانانی قوتابخانەی ئەهلی ئاسان نین و بگرە زۆر ئەستەمیشە. بێگومان قوتابخانە ئەهەلیەکان کاریگەری سلبی و ئیجابیان هەیە. **ئیجابییەکان**: فەلسەفەیەکی نوێ و مۆدێرن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەکاردەهێنن کە هانی حکومەت دەدات چاوخشانەوە بە سیستەمی کۆندا بکات، یاسای نوێ کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت دابڕێژێت. هەروەها خوێندن یەک دەوامیە و کاتەکەی درێژە هاوکاتە لەگەڵ دەوامی فەرمانبەران. بوونی خولی هاوینە لەپشووی هاویندا بۆ قوتابیان، هەروەها خولی بەهێزکردن بۆ مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی قوتابخانە.

بەڵام کاریگەری سلبی قوتابخانە ئەهلیەکان: یەکێکە لەهۆکارەکانی دابەشبوونی چینایەتی لەکۆمەڵگە، نەک تەنها لەڕووی ئابووری، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە. خاڵێکی دیکە؛ لەڕووی دەروونیەوە وادەکات قوتابیان و کەس و کاری قوتابیانی قوتابخانەی حکومی هەستی خۆ بەکەمزانینیان لەلا دروستبێت. بەگشتی کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە نێوان قوتابخانە حکومی و ئەهلیەکان بۆ شێوازی پەرەوەردە و فێرکردنی نەوەی داهاتوو، بەو شێوەیە قڵشتی چینایەتی زۆر بەرچاوتر دەبێت.

**بۆپێشەوە: زۆرجار باسی جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکان دەکرێت، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ بەتایبەت لەباری کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵگەی مۆدێرن چ جۆرە کۆمەڵگەیەکت بۆ بەرهەم دێنێ؟**

**فاتیمە موراد مەلا:** وەک ئاشکرایە لەکوردستان قوتابخانەی تێکەڵاو و قوتابخانەی کوڕان بەجیا و کچان بەجیا هەن. لەقوتابخانە حکومییەکاندا قۆناغی بنەڕەتی کە پۆلەکانی ١ تا ٩ دەگرێتەوە، لە پۆلی ١ تا ٦ ی بنەڕەتی هەندێکیان تێکەڵن و هەندێکیان کوڕ و کچ جیان، بەڵام پۆلەکانی ٧ و ٨ و ٩ ی بنەڕەتی واتە قۆناغی ناوەندی جاران و قۆناغی ئامادەیی کوران و کچان بەجیاواز دەخوێنن. هەرچی لە قوتابخانە ئەهلیەکانە کوڕان و کچان بەیەکەوە دەخوێنن، کەچی لەزۆربەی ئەهلیەکانیش لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هۆبەکانی کچان و کوڕان جیاکراونەتەوە یان لەناو یەک هۆبەدا ڕیزی کوڕان و ڕیزی کچان جیاوازە. لە گوندەکاندا بەهۆی نەبوونی بینای قوتابخانە زۆربەی قوتابخانەکان تێکەڵن.

جیاکردنەوەی قوتابیانی کوڕ و کچ لەقۆناغەکانی خوێندندا لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا (یان کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیەکاندا) باوە، بەهۆی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارەی کە سەدان ساڵە ڕەگی لە هەناوی کۆمەڵگەدا داکوتاوە و کاریگەری نەک تەنها لە کەرتی پەروەردە، بەڵکو لە هەموو کایەکانی دیکە کردووە. بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاینی ئیسلام و عورف و عاداتی عەشایەری سەرچاوەی داڕشتنی یاسایە و زۆرینەی تاکەکانی بڕوایان پێیەتی.

لەسەر ئەم پرسە لەکوردستاندا؛ دوو بۆچونی جیاواز هەیە، یەکەمیان کەزۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی لەسەری کۆکە، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەتێکەڵبونی هەردوو ڕەگەزەکە(نێر ومێ) نادات، بەتایبەتی لە پۆلەکانی ٧و ٨ و ٩ی بنەڕەتی قۆناغی ئامادەیی، ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ زۆربەی قوتابخانە ئەهلیەکان هۆبە و ڕیزی کوڕ و کچ جیاکەنەوە وەکو ریکلامیش بۆخۆیان و ناوبانگی قوتابخانەکەیان بەکاری بێنن بۆ دەسکەوتنی سەرمایەی زیاتر. هەڵگرانی ئەم بۆچوونە چین و توێژی جیاوازی تیایە زۆرینەیان ئەوانەن کە بیری ئاینی بەسەریاندا زاڵە، هەروەها توێژی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرزیشی تیایە، هەندێجاریش وەکو بەڵگە بۆ داکۆکیکردن لە بۆچوونەکەیان پاساو دەهێننەوە بە هەندێ توێژینەوە کە لەوڵاتانی ڕۆژئاوا ئەنجامدراون و دەرئەنجامی سلبیان هەبوە!

بۆچوونی دووەم: پێی وایە پێویستە هەردوو ڕەگەزەکە هەر لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی زانکۆیی تێکەڵاو بن و بەیەکەوە بخوێنن.

بێگومان هەڵگرانی ئەم بۆچوونە کەمینەن و پێکهاتوون لە توێژی نوخبە و ڕۆشنبیران و خەڵکی پێشکەوتووخواز و ئازادیخواز.

وەک دەزانین لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستاش شەقل و سیماتەکانی سیستمی عەشایەری و پیاوسالاری ڕۆڵیان هەیە، و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی جدی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێ لە حزبە سیاسیەکان لەئارادایە بۆ بەمەدەنی کردنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، واتە کۆمەڵگەی کوردی لەقۆناغی ڕاگوزەریدایە، و لەم قۆناغەشدا ناتوانرێت هەموو قوتابخانەکان لەناکاو تێکەڵبکرێن، لەوانەیە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە. هەروەها پێویستی بە خۆ ئامادە کردنی پێشوەخت و بەرنامە و پلان و لێکۆڵینەوەی تۆکمە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە؛ تێکەڵبونی کچان و کوران لە پرۆسەی پەروەردەدا لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. دەبێتە هۆی ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری و کەمبوونەوەی جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان نێر و مێدا. بەپێی شیکردنەوە دەرونییەکان مرۆڤ لەم قۆناغەی تەمەنیدا ئارەزووی هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دەکات، خۆ ئەگەر ڕێگری لێبکرێت لەوانەیە لەکاتێکی دیکەو بەشێوازی ناتەندروست ئەو حەزەی جێبەجێ بکات. هەروەها تێکەڵاوبوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەردوو ڕەگەزەکە شارەزایی زیاتر لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی یەکتر بەدەست بێنن کە بۆ قۆناغەکانی دواتری زانکۆ و کۆلێج سودی دەبێت. هەروەها بۆ ژیانی هاوسەری و بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر تەجروبەیەکی باش دەبێت.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەسەڵاتی سیاسی پشت بەستوو بە شەرع و دین، دەتوانێ سیستەمێکی پەروەردەی مۆدێرن دابمەزرێنن؟ بەواتایەکیتر پشت بەستن بە شەرع و یاسایەکانی دین ناکاتە پشتکردنە زانست و لێکۆڵینەوە زانستیە کۆمەڵایەتیەکان؟**

**فاتیمە موراد مەلا:** ئەم پرسیارە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت؛ یەکەمیان پەیوەندی بە کاریگەری ئایین لەسەر سیستمی سیاسی هەیە. دووەمیان کاریگەری ئایین لەسەر زانست و پرۆسەی پەروەردە کە پرسێکی گرنگە و پێویستی بە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی زیاترە بەبەراود بە تەوەری یەکەم.

سەرەڕای زۆربوونی ژمارەی خوێندەوارەکان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوتابیان کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆیە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری قوتابیان دەردەچن و بڕوانامەی زانستی وەردەگرن، بەڵام مەعریفەی کۆمەڵگەی کوردی تائێستاش مەعریفەیەکی میللی + ئاینییە. بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە سروشتییەکان و هەموو ئەو گرفت و ڕووداوانەی ڕۆژانە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن پشت بە خورافیات دەبەسترێ و ڕای هەندێ کەس وەردەگیرێ کەبەناوی ئایینەوە حوکم لەسەر ژیانی خەڵک دەدەن، بۆنموونە خەڵکانێک هەن لەکاتی نەخۆش کەوتن لەجیاتی ئەوەی سەردانی نەخۆشخانە و پزیشک بکەن، دەچن بۆماڵی پیاوانی ئایینی نوشتە و دوعایان بۆ بخوێنێت و گوایە شیفایان بۆدێت! بەپێچەوانەوە مەعریفەی زانستی واتە بەسەنتەر بوونی زانست لەهەموو کایەو بوارەکانی ژیاندا، گرینگیدان بەزانست و پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی، هێنانەوەی بەڵگەی زانستی بۆگوزارشت کردن لە بیروبۆچونەکان. ئەوەی لەکوردستان دەگوزەرێ پێشکەوتنە لەڕووی مادی، بەڵام لەلایەنی مەعنەوییەوە کە پەیوەندی بەبیرکردنەوەی خەڵک هەیە پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت.

# کاروان ئەسعەد: لە کوردستاندا دەوڵەت بەمانا مۆدێرنەکەی بوونی نییە! دەستەکانی فەرمانڕەوا بەپێی بنەماکانی خێڵ و خێزان فەرمانڕەوایی (حوکمداری) دەکەن. واتە سیستەمی دیار و ئاشکرا و بەپلان و لەسەر بنەمای زانستی نییە. بڕیارە گشتییەکان بەپێی میزاجی کەسی و خێزانی و خێڵەکی و بەرژەوەندە حزبیەکان دەدرێ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا کاروان ئەسعەد سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە شاری کەرکوک سەبارەت بە ساڵی تازەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە...



**بۆپێشەوە: بەجیا لە کەم و کوڕی بیناو و پێداویستیەکانی خوێندن، مەنهەجی خوێندن چۆن دەبینن؟ لاتان وایە ئەو مەنهەجەی هەیە، جێگای پەسەندە یان مەنهەجی خوێندن و پەروەردەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕە؟**

**.مکاروان:** ئەگەر پرۆگرامی خوێندن بەتەنها سەیر بکەین، واتا جیا لەوەی کەپێداویستیەکانی هەیە یا نییە. ئەوە تاڕادەیەک گونجاوە بۆخوێندن... و بێگومان بەردەوام پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە تا لەگەڵ زانست و خوێندنی سەردەم بگونجێت.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە؛ بۆئەوەی پرۆگرامی خوێندن کاریگەری هەبێت لەگۆڕینی ئاکاری تاک، پێویستە پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت. بۆنموونە: هەر وانەیەکی ئەم پرۆگرامە پێویستی بە پۆلێکە کە لە ٢٥ خوێندکاری زیاتر تێدا نەبێت. ماوەی وانە وتنەوە لە ٥٠-٦٠ خولەک بێت، کەرەستەکانی فێرکردن و تاقیگە لە خوێندنگاکان هەبن... ئەمانە لەگەڵ باڵەخانەی کۆنی دوو دەوامی و سێ دەوامی و ژمارەی خوێندکاری هەر پۆلێکدا ناگونجێت و ئامانج ناپێکێت. هەروەها پێویستی بە ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان هەیە لەسەر شێوازە نوێیەکانی وانە وتنەوە و چۆنیەتی دامەزراندنی پەیوەندی هاوڕێیانەی نێوان مامۆستا و خوێندکار... تاد. ئەمانەش لەگەڵ ئەو بوودجە تەرخانکراوە کەمەی پەروەردە و فێرکردندا بە هیچ جۆرێک ناگونجێت.

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردەیەکی تەندروست، بەندە بە سیستەمێکی سیاسی تەندروست، لاتان وایە سیستەمی سیاسی و حکومڕانی کوردستان دەتوانێ سیستەمێکی شیاوی پەروەردەیی جێ بخەن؟**

**م. کاروان:** پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتێکدا ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سیاسی – ئابووری دەوڵەتە، بەڵام لە کوردستاندا دەوڵەت بەمانا مۆدێرنەکەی بوونی نییە! دەستەکانی فەرمانڕەوا بەپێی بنەماکانی خێڵ و خێزان فەرمانڕەوایی (حوکمداری) دەکەن. واتە سیستەمی دیار و ئاشکرا و بەپلان و لەسەر بنەمای زانستی نییە. بڕیارە گشتییەکان بەپێی میزاجی کەسی و خێزانی و خێڵەکی و بەرژەوەندە حزبیەکان دەدرێ، ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەر گشت پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و شیرازەی کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت.

**بۆپێشەوە: لەچوارچێوەی بانگەشەی چاکسازی کابینەی نوێدا، ئەو ریفۆرمانەی پێویستن لە بواری پەروەردەدا، بەخێرایی بکرێن، کامانەن؟ وە تاچەند لاتان وایە ئەم کابینەیە دەتوانێت چاکسازی لە بواری پەروەردەدا بکات؟**

**م. کاروان:** ئەم کابینەیەش (کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم)؛ درێژکراوەی کابینە یەک لەدوای یەکەکانی پێشووترە، هەموو کابینەکانی لەپێشتریش بانگەوازی ڕیفۆرم (چاکسان)یان دەکرد! ئەنجامدانی ڕیفۆرم پێویستی بە جورئەتی سیاسی هەیە! واتا ڕەتکردنەوەی هەموو یان هەندێک لە میراتی پێش خۆی بۆئەوەی بتوانێت ئاستەنگەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن تێپەڕێنێت.

**<u>یەکێک لە پرۆژە بڕیارەکانی وەزارەتی نوێی پەروەردە؛ قەدەغەکردنی وانە وتنەوەی مامۆستایانی پیاوە لە خوێندنگاکانی کچان!</u>** ئایا بەڕێز وەزیری پەروەردە دەتوانێ بەڕێوەبەرێک لە غەیری حزبەکەی خۆی لە زۆنی زەرد لە خوێندنگەیەک دابنێت؟؟!!

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە هەوڵی حکومەت بۆ بەئەهلی کردن و بە تایبەتیکردنی پرسی پەروەردەو فێرکردن؟**

**م. کاروان:** بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانیان خستۆتە ژێر هەژموون (نفوذ)ی خۆیانەوە و بەمەبەستی درێژەدان بەم بارودۆخە، لەدرێژماوەدا پێویستیان بەوەیە کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نەخوێندەوار بن یان لە ئاستێکی نزمی خوێندەواری و زانستیدا بن. لە بەرامبەریشدا منداڵانی خۆیان و چواردەوری خۆیان لە باشترین خوێندنگە و زانکۆ جیهانیەکان لە وڵاتانی وەک ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسادا بخوێنن و کەسانی ئامادەکراوبن بۆ بەڕێوەبردنی جومگەکانی دەسەڵات.

بۆ ئەمەش ڕێژەی بایەخدان بەبواری پەروەردە و فێرکردنی گشتی هەتا دێت کەمتر دەبێتەوە. تەرخانکردنی کەمترین بوودجە بۆ بواری پەروەردە و فێرکردنی گشتی. شکاندنی شکۆی ڕابەرانی بواری پەروەردە لە مامۆستا و فەرمانبەر ...تاد. هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی کەسانی بێ ئیرادە بۆ پۆستە گشتیەکان کە نەتوانن کاردانەوەی پۆزەتیڤیان هەبێت بەقازانجی گشتی. بێگومان ئەم هەوڵانەی کە ئەدرێت بۆ تایبەتیکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە چاودێری و پلان و ڕاسپاردەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دروای نێودەوڵەتی بەڕێوە دەچێت.

**بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانیان خستۆتە ژێر هەژموون (نفوذ)ی خۆیانەوە و بەمەبەستی درێژەدان بەم بارودۆخە، لەدرێژماوەدا پێویستیان بەوەیە کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نەخوێندەوار بن یان لە ئاستێکی نزمی خوێندەواری و زانستیدا بن**

**پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتێکدا ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سیاسی – ئابووری دەوڵەتە، بەڵام لە کوردستاندا دەوڵەت بەمانا مۆدێرنەکەی بوونی نییە! دەستەکانی فەرمانڕەوا بەپێی بنەماکانی خێڵ و خێزان فەرمانڕەوایی (حوکمداری) دەکەن**

# کێ لەم دزی و تالانییە، تێر دەبن؟

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی میدیایی، لەدرێژەی تالانی زەوی و دەست بەسەرداگرتندا، بەشیکی زۆر لە زەویەکانی گەرمیان، لە ژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و بەپرسانی حزبیدان و بەشیکی زۆری زەویە باشەکان، بەناوی جۆراوجۆر و پرۆژەی هەمەچەشنەوە دەستیان بەسەردا گیراوەو تالان کراوە...

ئیستا لە گەرمیاندا هەم حزب و کۆمپانیاکانی و هەم بەرپرسە نابەرپرس و چاوچنۆکە تێرنەبووەکانی، بەشیکی زۆر لەزەویە جێگا باشەکانیان قۆرغ کردووە... لەم ماوانەی دوایشدا مەحمود سەنگاوی ئەندامی م.س یەکێتی بەپاساوی فراوانکرن و گەورەکردنی سەربازگەیەک دەستی بەسەر زەویەکی فراوان لە دەروازەی کەلاردا گرتووە.

ئەم تالانی و ملهورییە، تەزووی!! بە گیانی ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕاندا بەناوی" ڕزگار محەمەد" هێناوە، کەداوا بکەن سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، کەناتوانیت لەبەرامبە بەرپرسە حزبیە دەستڕۆشتوەکاندا فزە بکات، بجوڵێت و ئەم زیادەرەویانەو دەست بەسەرداگرتنی زەویەکان رابگرێت...

ئەوەی دەتوانێت، کۆتایی بەم دزی و تالانیە بە تالانی زەویشەوە بهێنێ، تەنها کۆتایی هێنانە بەدەسەڵاتی تالانچی و بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتیش دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی...

**ئەم هاش و هوشەش سەبارەت بە پرسی چاکسازی کە کابینەی نۆهەم بانگەشەی بۆ دەکات، وەکو کابینەکانی پێش خۆی دەستی ناگاتە بەپرسە حزبی و حکومیە، دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و چاکسازی تەنها گورزێکە بۆ گیانی هەژاران و کەم دەرامەتەکان و روخاندنی خانووی بێخانەو لانەکان، لە ژێی ناوی زیادەرۆییدا...**

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی... دیمانە لەگەڵ مەنسور حییکمەت

یەکێتیەکاندا)بە باوەڕی ئیمە، لە پایەیەکی مادی زۆر گونجاوتر لە بۆ پێکهاتن وگەشە لە ئێراندا بەهرەمەندن، تەنها بەهۆی گونجاوی نمونەی ڕیکخراوەیەکەیانەوە نییە... بەڵکو کارامەیی زۆرتریش سەرچاوەی گرتوە لە... سەرکەتنی مەیلە ڕادیکاڵەکان لەناو کرێکارانی پیشڕەو و ڕابەرانی عەمەلیدا، وە بەهێزتربوونی زەمینە مادیەکانی هەژمونی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەدەرونی بزوتنەوەی چینی کرێکار لە بەراورد لەگەڵ سیاسەتەکانی سۆسیال دیموکراسی و ڕیفۆرمیستیدا. ئەزمونی شۆڕشی٥٧(١٩٧٩)، شێوە کارکردی کرێکارانی پیشڕەو، بارودۆخ و هەواڵی جوڵانەوەی سەندیکالیستی لەبەراورد بە جوڵانەوە شوراییەکانی ئەمڕۆش دەوری رووڵەگەشەی کۆبونەوە گشتییە کرێکارییەکان لە خەباتی ئیستای کریکاراندا بەڵگەی ئەم راستیەن.

پێویستە بڵێم کە ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمۆنیستەکان لەسیاسەتی خۆیاندا جێگایەک بۆ نەقابە قایل نین، و، نابێت ببنە هەڵسوڕای یەکیەتیەکان و لە مێژوشدا نەبوون، باسەکەی من ئەوەیە کە هەمیشە کۆمۆنیستەکان نەقابەکانیان وەک ڕاستیەکی بابەتی لە بزوتنەوەی کرێکاریدا، وەک بەرئەنجامی کاری مەیلە کۆمەڵایەتیە نا کۆمۆنیستیەکانی بینیوە لەنیوان کرێکاراندا وە بوونیانی بە فەرمی ناسیوە. هەر بۆیەشە کە ئێمە هەمیشە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا لەگەڵ کێشەی "شێوە مامەڵە"ی کۆمۆنیستەکاندا لەگەڵ بزوتنەوەی تریدیۆنیستی ڕووبەڕوو دەبینەوەو کەمتر لەگەڵ وەڕێخستنی بزوتنەوەی تریدیۆنی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە. (ئەزمونی سەندیکا سورەکانی کۆمینترنیش هەوڵیک بوو لە پێناو پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ لەبەرامبەر تریدیۆنیزمیکدا کەلەژێر کاریگەری سۆشیال دیموکراسی) دا بوو.

باسەکە ئەوەیە کە تریدیۆنیزم ئەڵتەرناتیڤی تایبەتی کۆمۆنیزم نییە بۆڕێکخراوکردنی کرێکاران. ئەم ئەڵتەرناتیڤە تایبەتیەی کۆمۆنیزم بزوتنەوەی شوراییە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمۆنیستەکان لەزۆر دۆخدا لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاریکراودا، لەگەڵ ئەرکی بەشداری کاریگەر لە یەکیەتیە کرێکاریەکان وە یان تەنانەت هەوڵ لە پێناو دامەزراندنی یەکێتیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. کۆمۆنیستەکان هەمیشە توخمی کاریگەری بزوتنەوەی یەکێتیەکان بوون، بەڵام مێژوییەن بزوتنەوەی کرێکاری پیشانیداوە کەلە هەر جێگایەک سیاسەتی کۆمۆنیستی بوویێتە سیاسەتیکی سەرکەوتو لەبزوتنەوەی کرێکاریدا، شوراکان سەریان دەرهێناوەو پەرەیان پێداوە.

دواتر بەرگری ئێمە لەشورا تەنها سەرچاوەی لەوەوە نەگرتوە کە ئەم نمونەیە شانسی زۆرتری بۆ پیادەکردن هەیە، وەیان لەبەرامبەر سەرکوتگەریەکانی بۆرژوازیدا باشتر بەرگری دەکات، ئەگەر بەو شێوەیەش نەبێت ئەبێت کارێک بکەین کە بەوشێوەیەی لیبێت. ئیمە ئەمانەوێت، وەک کۆمۆنیست، ئەڵتەرناتیڤی بزوتنەوەی خۆمان بۆ ڕێکخستنی چینەکەی خۆمان جارێکی تر دەخەینە ڕوو. ئەلێین جارێکی تر، چونکە مێژوی کرێکاری بەردەوام مەیدانی ڕوبەڕوبونەوەی ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی وڕیفۆرمیستی مەیدانی ڕێکخستن وکاری کرێکاری بووە. ئەوەی کە یەکێتیەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری پیشکەوتودا گۆڕدراون بەشێوەیەکی بەردەوامتر بۆ یەکگرتنی کرێکاران (ئەڵبەت بە ئاسۆ و سنورداریەکانی یەکیەتیەکان)، بەو دەلیلە نەبووە کە کرێکاران چونەتە بنج وبناوانی و لە سودەکانی ئەم"نمونا"نەیان لیکداوەتەوەو سەندیکایان بەگونجاوتر دیاریکردوە، بەڵکو بەو دەلیلە بووە کەسیاسەتی ڕادیکاڵ بەشێوەی گشتی، بەسەرنجدان لە سەقامگیری سەرمایەداری لەدوای شەڕی جیهانی دووهەم. بەسەرنجدان لە پشتیوانی چەپی بۆرژوازی لەئەو وڵاتانە لە ڕیفۆرمیسم پاشەکشەی کردوە. ئەم کێشمەکێشەی نێوان ئەم ڕێبازەدا لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانە و تەنگژاویەدا باشتر دەبینین. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕوبەڕوبونەوەی یەکیەتیەکان لەگەڵ شوراکان وکۆمیتەی کارگەکاندا توندبۆوە. هەر ئەمڕۆش ئەبینین کە چۆن لەگەڵ لاوازبوونی بزوتنەوەی سەندیکایی لە ئەورپای ڕۆژئاوادا، هەوڵدان بۆ دامەزردانی ئەڵتەرناتیڤی کرێکاری لەپێناو ڕێکخستنی جەماوەر لەدەرەوەی بونیادی یەکیەتیەکاندا فراوان بۆتەوە.

ئێمە ئەڵتەرناتیفی تایبەتی خۆمان جارێکی تر دەخەینەڕو، بەبێ ئەوەی پشت بکەینە بزوتنەوەی سەندیکایی (ئەگەر هەبێت) وەیان زەرورەتیان (بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئیستا کرێکارانی ئێران) نکوڵی لیبکەین. بەدڵنیایی ئەگەر سەندیکاکان، تەنانەت بەگریمانەی ئەوەش کە ئەگەر ڕیفۆرمیستیش بوونایە، لەئێرانی ئەمڕۆدا بوونیان هەیە، ئەمە وەک خاڵێکی بەهێزی جدی بۆ چینی کرێکاری ئێران هەژمار دەکرێت. بەدڵنیایەوە کۆمۆنیستەکان بەفراوانی بەشداریان دەکرد، بەدڵنیاییەوە بارودۆخی کرێکاران لەوە باشتر دەبوو. بەڵام تەواوی کێشەکە لەسەر هەر ئەو "ئەگەرە"یە. کەبزۆتنەوەی سەندیکایی لەئێران زۆرتر دورترە لەبزوتنەوەی شورایی بۆ ئەوەی بگۆڕدرێت بەبوونێکی مادی. لەبارودۆخێکی وادا هۆکارێک نییە بۆئەوەی کە کرێکاری ڕادیکاڵ وسۆسیالیست ئەڵتەرناتیڤی خۆی نەخاتەڕوو، ئەڵتەرناتیڤێک کەبەهۆی بارودۆخی تایبەتی ئێرانەوە، کە لەبڕیارنامەکەدا باسی لێکراوە تەنانەت پێشوازی گشتی کرێکاران بۆ ئەو زیاترە وە ئێستاش ماتریاڵێکی زۆر بۆ پێکهێنانی ئەوە پەیدابووە. ئێمە دەڵێن شوراکان ڕێگایەکی چینایەتی تر بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار نیشان ئەدەن ئیرادەی ڕاستەوخۆی کرێکاران باشتر دەرئەخات، یەکگرتویەکی قوڵتر دێنێتە ئاراوە، کەلێنی دەستەو تاقمی لەنێوانیاندا قایمتر ناکاتەوە.. کەمتر ڕێگا بە کاریگەری بۆرژوازی ئەدەن، چوارچێوەی باشترن بۆ نیشاندانی ڕادیکاڵیزمی کرێکاری، لەم ڕوەوە خۆمان بە هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی شورایی لە ئێران هەژمار دەکەین وکرێکاران بانگەوازی کرێکاران دەکەین بۆ خەباتکردن بەرەو پێکهێنانی شوراکان.

کۆمۆنیست: ئەزمون نیشانی داوە کە تەنانەت کاتێکیش کە ڕێکخراوە کرێکاریەکان خۆیان بەسەر بۆرژوازیدا ئەسەپێنن و دەوڵەتەکان ناچار ئەبن کە بوونیان بە فەرمی بناسن، هەوڵێکی ڕێکخراو بەرێدەخرێت بۆ ئەوەی لەناوەوە ملکەچیان بکەن و ئیتر نەتوانن وەسیلەیەکی سەربەخۆی کرێکارانبن. ئایا ناکرێت کە ڕێکخستنی شورایی کرێکارانیش توشی هەمان چارەنوس ببێت هەر وەک چۆن هەندێک لە یەکێتیەکان لە ئەمریکاو ئەورووپا دوچاری بوون؟

مەنسور حیکمەت: ئەزمون ئەوەی لەبارەی یەکێتیەکانەوە نیشانداوە، بەڵام نمونەی ئەو شورایانە زۆرکەمن کە لە"ناوەوە" ملکەچ کرابن و درێژەیان بەتەمەنی خۆیان دابێت. شوراکان، ئەگەر هەربەوشێوەیەی کەجێگەی مەبەستی ئێمەیە چوارچێوەی کاری ڕاستەوخۆی کرێکاربووبن، بەگشتی لەگەڵ سەرکەوتنی بۆرژوازیدا سەرکوت ولەکاردەخرێن. ئەڵبەت دەرکرێت کەبتوانی بارودۆخێک بسەپێنیت کە شوراکان بە ناوەرۆکی واقیعی خۆیانەوە ئامادەببن. بەڵام لێرەدایە کە بۆ بۆرژوازیش شورا تەنها شێوازێکی ڕێکخراوەی کرێکاران نیە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و واقعییەو ئەبێت سەرکوت بکرێت، بەشێوەیەکی باو لاوازی شوراکان و سەرکەوتنی کۆنەپەرستی لەشکست پیهێنان وداخستنیان و کێش دەبێت بۆ دامەزراندنی شێوازی پارێزگارانەترو جێگەی کۆنترۆڵتری ڕێکخستنی کرێکاران.

**وەرگێرانی بۆ کوردی:**
**کاوە عومەر**

**چاوپێداخشاندنەوەو**
**هەڵەبڕی: بۆپێشەوە**

## درێژەی دوا وتە

بەرپرسە بە چەک دەورەدراوەکان، یان ناچارکردنیان بەوەی ببرێنە دەرەوەی شارەکان، زۆر وەدواکەتووەو پێویستە هەرچی زووە حزبەکان ناچار بەوە بکرێن کە بارەگا چەکدارییەکانیان ببەنە دەرەوەی شوێنی کارو ژیانی خەڵکی سڤیل... بێگومان دەسەڵاتی سیاسی کە پشتی بە چەکداری حزبی بەستووە، بە خۆشی خۆیان دەست بۆ گواستنەوەی بارەگا چەکدارەکانیان و ماڵی بەپرسە چەکدارەکان نابەن، بۆیە دەبێ بەگوشاری جەماوەری بەسەریاندا بسەپینرێت.

لە پەیوەند بە خاڵی پشکنین و بازگەکانەوە... ئەگەر بوونی بازگە و خاڵی پشکنین، لەسەر سنورەکان، یان لە خاڵی تەماسی نێوان هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدرالی!! عێراق، پاساوی هەبێت، بۆ بەرگرتن بێت بە دزەکردنی باندو دەستەو کەسانی تیرۆریست! و هەوڵێک بێت بۆ بەرگرتن بە کردەوەی تیرۆریستی و پشێوی نانەوە، ئەوا بوونی دەیان بازگە و خاڵی پشکنینی حزبی، لەنێوان شارەکانی ناوخۆی هەرێمدا، ئەو پاساوانەی نییە.

بوونی ئەو بازگانە لەناوخۆی هەریمدا، هیچ پاساوێکی نییە جگە لەوەی وەکو ڕەمزی دەسەڵاتی زۆنەکان و حزبی دەسەڵات بەدەستی ئەو زۆنانە بەکاردەهێنرێن، لەلایەکەوە بۆ ریگریکردن لە کادرو سەرانی حزبەکان لەکاتی گرژی نیوانیان و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕێگریکردن و دەستگیرکردنی هەڵسوراوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی نەیاریانە... دیارە ئەمەش درۆی حکومەتداری و بانگەشەی سەروەری یاسا پوچەڵ دەکاتەوە، کە رۆژانە سەرانی دەسەڵات ومیدیای خۆشخزمەت و مۆڵەت پێدروایان رایدەگەیەنن، چونکە ئەگەر کەسێک" هەر کەسێک" تۆمەتبارە لەرێگای یاساوە!! بازگەی پیویست نییەو دەتوانرێت بدرێتە دادگا و پۆلیسی حکومەت، بەپێی بریاری دادگا دەتوانێت کەسەکە بگرێت، نەک هیزی چەکداری حزبی و بە راسپاردەی بریاری باڵای حزبی و لەسەر کەیسی سیاسی و رەخنەگرتن و بیروڕای سیاسی بخرێتە تەڵەی حزبەوە.

بۆیە بەهەمان شێوەی بارەگای چەکداری حزبەکان" لق و ناوچە، مەڵبەندو کۆمیتە و کەرت" و ماڵی چەکداری بەرپرسە حزبەکان پێویستە ببرێنە دەرەوەی شارەکان و دووربخرێنەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان، ئاواش پێویستە بازگەکانی ناوخۆی هەرێم هەڵبگرێن. دیارە دەسەڵاتی چەکداری حزبی لەو حاڵەتەشدا هەر دەست پارێزی لە گرتن و سەرکوت... ناکەن، بەڵام لانی کەم شوێنی کارو ژیانی خەڵکی پارێزراو دەبێت و کەشی ترس و تۆقاندن، کەمتر دەبێتەوە. و ژمارەیەکی زۆریش لە بینای دەست بەسەرداگیروادا بۆ هاوڵاتیان دەگێردرێنەوە.

بردنە دەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان لە شارو شارۆچکەکان و شوێنی کارو ژیانی خەڵکیدا، لەگەڵ هەڵگرتنی بازگەو خاڵی پشکنینی حزبی ناو هەرێمدا، دوو ویستی گرنگی خەڵکی کوردستانن و کۆمەک بە ئارام راگرتنی شارەکانی هەرێم و دانیشتوان دەکەن و کەشی ترس و تۆقاندن و میلیتاریزەکردن کەم دەکەنەوە. بۆجێ بەجێکردنی ئەو کارەش، نارەزایەتی جەماوەری و هاتنە مەیدان و خەباتی لێبڕاوانەی دەوێت...

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە دامەزراوە، هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ڕزگار عومەر، شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، کازیوە سالّح، عەبدولّا مەحمود، عەبدالرحمن رەسولّ، هیوا سالّح، کاوان قادر،،حەکیم میرزا، فوئاد عەزیز، عوسمان قادر، نوری بەشیر، سالار حەمە سەعید، ئەحمەد جوانکار، عومەر دەرویش، سەردار عەبدولّا، زامۆئا داراغا
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"ساڵی تازەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدولّا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# داڕمانی کولتوری و نەبوونی سیاسەتێکی کولتوری تۆکمە ...



داخستنی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە بە نموونە ,ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت دەرئەنجامە هۆکاری ئەو سیاسەتە کولتوریە هەلّانەیە کە لەم 28 سالّەی رابووردودا کراوە, قوربانی یەکەمی هەموو شکستێکی سیاسی هونەر و ڕۆشنبیری و کولتورە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەرێتەوە, یەکێک لە و هۆکارانە ئامادە نەبوونی ئەعەقلّیەتی بەرێوەبرنە ( منجمێنت ) و نەبوونی سیاسەتێکی کولتوری سەربەخۆ کە ئەمە وایکردوە هونەر و ڕۆشنبیری وەک پاشکۆ دەربکەوێت وە لە پێناو بەرژەوەندی دەستە و تاقمێکدا .لەگەلّ نەمانی ئەو دەستە و تاقمانەدا ئەم دەزگا هونەریانەش نامێنن, هەموو مان مێژووی ئەمنە سوورەکە دەزانین چەند گرنگە بۆ شارێکی وەک سلێمانی لە ڕووی سیاسی و مێژوویەوە, لێرەدا دەمەوێت ئەو خالّە بخەمە ڕوو کە چۆن کێشەی نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و شەفاف وا دەکات پرۆژەیەکی گەورەی وەک ) مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە ) کەلە ژێر ناوی ( تا لە یادمان نەچێت ) شکست بهێنێت . پرۆژەکە ئەم چالاکیانە لە خۆ دەکرێت:- گەلەری ئەمنەکە, سینەما, هۆلی کەلەپوور, هۆلی ئاوێنە, زیندانەکانی ڕژێمی پێشوو, هۆلی کۆرەو, هۆلّی ئەنفال, هۆلی مین, هۆلی پێشمەرگە .ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بکرێت بیرۆکەی گۆرینی ئەمنە سوورەکە لە دەزگایەکی داپلۆسێنەرەوە بکرێت بە شوێنێکی کولتوری بەبێ ئەوەی ناسنامەی شوێنەکە لەدەست بدان, بەلّام بوونی ئەم هەموو چالاکیانە کە زۆربەیان بەبێ پلان بووە وە پرسیاری جدی لە بارەیەوە نەکراوە زۆر ساویلکانە بووە بۆ نموونە بوونی ( نمایشی فەرش ) دەبێت چ سودێکی هەبێت لەناو ئەم شوێنەدا؟؟ وە هەروەها هەندێک لەو چالاکیانە دووبار و سێ بارەن لە زۆربەی زۆری پرۆژەکانی تری شاردا بونیان هەیە کە ئەمە وایکردووە ببێتە هۆی فەشەلی پرۆژەکە هەر لە سەرەتاوە .خالێکی کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە بۆ ئێستا ئەم شوێنە نەخراوەتە سەر بەشی شوێنەواری سلێمانی یان بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی , ڕاستە لە سەرەتاوە بیرۆکەکە جێبەجێکردنی پرۆژەکە حیزب کردویتی وە کەسانی دلّسۆزی لە پشت بووە بەلّام مانەوەی ئەم شوێنە وەک شوێنێکی حیزبی بە زەرەرێکی گەورە کەوتۆتەوە کە بە باوەڕی من لە دوای ڕۆخانی ڕژێمی بەعس واتا لە سالّی 2003 وە دەبوو بە فەرمی ئەم مۆزەخانەیە بگەرایەتەوە سەر فەرمانگەی



تا

وە


شوێنەواری سلێمانی بۆ ئەوەی بتوانرایە زیاتر بەرەو پێش بچوایە وە لە خاوەنداریێتی حیزبی بگەڕایەتەوە بۆ مولکی گشتی و سەر بە فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی بۆ ئەوەی بتوانرایە کەسانی پسپۆر و شارەزا بۆ دابین بکرایە وەک لە ئێستادا چۆن مۆزەخانەی سلێمانی ناوبانگی دەرکردووە لە سەر ئاستی عراق بە هەمان شێوە ئەمنە سوورەکەش دەبووە شوێنێکی گرنک هەم لەسەر ئاستی سلێمانی و هەم لەسەر ئاستی عراق .بە دەزگا بوونی ئەم شوێنەوارانە وە دانانی سیاسەتێکی کولتوری تۆکمە و ڕوون و ئاشکرا زۆر گرنگە هەبێت , بە پێچەوانەوە نەبوونی پلان وستراتیجی سیاسەتی کولتوری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم شوێنانە بکەونە ژێرهەڕەشەی نەمان و لە ناوچوونەوە, من لێرەوە دەپرسم دەبێت چارەنوسی مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە چی لیبێت ؟؟ ئایا بەرەو کوێ دەڕوات؟؟ من داوادەکەم کە ئەم شوێنە بخرێتە سەر فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی وەک شوێنێکی مێژووی مامەلّەی لە گەلّ بکرێت و بەڕەو پێش ببرێت, چونکە ئەو شوێنە مولکی گشتیە وە هەروەها مێژووەکەشی مێژووی گشتیە پەیوەندی بە هەموو خەلّکی شارەوە هەیە وە بووە بە ڕەمزێک بۆ ڕاپەرینی سالّی 1991 لە مێژووی گەلەکەماندا, تا ئێرە من سوپاسی ئەرک و ماندوو بوونتان دەکەم کە توانیتان ئەم شوێنە بپاریزن و بیکەن بە مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە, بەلام بۆ ئەوەی ئەم شوێنە لە فەوتان و ڕووخان ڕزگار بکەین پێوستمان بەوەیە کە سیاسەتێکی کولتوری تۆکمە بنیاد بدەین بە بەرێوەبەردنێکی سەردەمیانە کە ئەو شوێنە ناسنامەی خۆی ون نەکات.

**زامۆئا داراغا 2019**

## بەرهەمی هونەرمەند عومەر دەروێش



## تازەترین بەرهەمی هونەرمەند سەدار عەبدولّا




## دوا وتە

# بارەگای چەکدار و بازگەکان لاببەن!

**عەبدولّا مەحمود**



لەنزیک بەسێ دەهەی دەسەلّاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بارەگای چەکداری حزبی و پاسەوانی چەکداری مالّی بەرپرسە بالّاکانیان بەتایبەتیش هی هەردوو حزبی دەسەلّاتداری کوردستان، سیمایەکی ناشیرینی بە شارو شارۆچکەکان بەخشیوە. لەوەش زیاتر هەمیشە بۆتە مایەی ترس و دلّەراوکێ و هەروەها نارەزایەتی دانیشتوان.

بوونی بارەگای چەکداری حزبی و مالّی دەورەدراو بە پاسەوانی چەکدار لەشارەکاندا، لە کاتێکدا حزبەکانی کوردستان و بەرپرسەکانی هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردستان ئارامە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم بارەگا چەکداریانە، بۆ ترساندنی کۆمەلّانی خەلّکە و بەکارهێنانیانە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەی و تورەیی خەلّکیدا.

بەدریژایی ماوەی دەسەلّاتدرایێتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەوە رۆشن بۆتەوە کە ئەم بارەگا چەکداریانە، لەناو شارو شارۆچکەکاندا وەکو "مارەکانی سەر شانی زوحاک"!! قوربانی ویستووە. هەر گرژییەکی سیاسی نێوان حزبەکان کەبەرەو قولّ بوونەوە رۆشتووە، ئەو بارەگایانەو چەکدارەکانیان بوونەتە چەخماغەدانی بەیەکدادانی چەکداری و ژیان و گوزەرانی خەلّکیان کردۆتە مەیدانی جەنگی دەسەلّاتیان و لەو نێوەشدا بە جیا لە قوربانیانی هێزەکانی خۆیان، خەلّکی بێتاون و سڤیل کراونەتە خۆراکی ئەم بەیەکدادانەیان. و دۆخی ترس و تۆقاندنیشیان بەسەر دانیشتواندا زالّ کردووە. لەهەر تورەبوون و خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا بۆ خواستی زۆر سادە، دوبارە چەکداری ئەم بارەگایانەو بەرپرسەکانیان، وەگەرخراون و خۆپیشاندەران و هەلّسوراوانیانان کردۆتە نیشانەو لەو نێوەشدا بە دەیان کەسی لە خۆپیشاندەران گیانیان لەدەستداوە. لەبەرامبەر بە حزبە نەیارەکانی خۆیاندا، لەبەرامبەر بە نووسەران و رۆژنامەنووسان، لەبەرامبەر بە رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری... هێزی ئەو بارەگا چەکداری و بەپرسە حزبەکانیان، هێزی ئامادەو یەدەگ بوون بۆ رووبەرووبوونەوەیان.

بۆیە بوونی بارەگای چەکداری حزبەکان لە ناو شارو شارۆچکەکان، بۆتە ملۆزمی سەر ئارامی و ژیان و گوزەرانی خەلّکی و ناشیرین کردنی سیمای شاری و شارستانیەتی.

بردنە دەرەوەی بارەگای چەکدار و مالّە....
بۆ لاپەڕە 16